گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/21df9022
ڕێـكـەوتـی وەرگــرتـن: 02/03/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 10/06/2024
ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2025

# چالاكییە سیاسییەكانی كوردە فەیلییەكان لە یادداشت وبیرەوەری كوردانی باشور 1946 -1969

شاخەوان عبداللە صابر
Shakhawan.sabr@soran.edu.iq
بەشی مێژو، فاكەڵتی ئاداب، زانكۆی سۆران، سۆران، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە**

نوسینەوەی یادداشت و بیرەوەری، لەگەڵ یادەوەری خەڵكانی بەئەزمون و بەژدار لە ڕوداوەكان، سەرچاوە و كەرەستەی ڕەسەنی نوسینەوەی مێژون، گرنگی وبایەخیشیان لەوەدایە هەندێك جار خاوەنەكانیان كارەكتەرێكی سەرەكی ڕوداو پێشهاتە سیاسی، یاخود گەواهیدەرێكی زیندوی ڕوداوەكانی سەردەمی خۆیان بون، جیا لەوەش بۆ گەیشتن بەڕاستیە مێژوییەكان و زیاتر ڕونكردنەوەی ڕاستیەكانی نێو دو توێی یادداشتەكان، زانیارییەكانی خەڵكانی بەژدار و نزیك لە ڕوداوەكان كە یادداشتەكانی خۆیان نەنوسیوتەوە جێگەی بایەخن، بەجۆرێك ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەی نوسراو دەستناكەون توێژەر لە ڕێگای دیمانەی تایبەت دەستیاندەخات، بۆیەش گواستنەوەی زانیارییەكان لە (یادگەی-زاكیرة) ئەو كەسانە و نوسینەوەیان گرنگن، چونكە بەنەمانی خاوەنەكانیان زانیارییەكانیش لەناودەچن.

كوردانی فەیلی وەك پێكهاتەیەكی ڕەسەن و دانەبڕاوی كۆمەڵگای كوردستانی بەهۆكاری نەتەوایەتی لەلایێك و هۆكاری مەزهەبیش كە لە پەیڕەوانی مەزهەبی شیعەن، لە لایێكی دیكەوە، ڕوبەڕوی مەرگەسات و نەهامەتی زۆر هاتون، لەزیندانیكردن ولێسەندنەوەی ڕەگەزنامە و ڕاگواستنی بەزۆر، ئەگەرچی لە ڕوی جوگرافییەوە دوربون لەخاكی هەرێمی كوردستان، چڕی و قورسایی ئەوان زیاتر لەشاری بەغدا و هەندێك لە ناوچەكانی تری ناوەڕاست و باشوری عێراقە، بەڵام نە دوریان لە كوردستان، و نەسیاسەتی حكومەتە یەكلەدوایەكەكانی عێراق لەهەمبەریان نەبونەتە هۆی دابڕانی تەواوییان لە بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیری كوردانی باشور. ئەم توێژینەوەش هەوڵێكە بەئاڕاستەی بەدیارخستنی ڕۆڵ و پێگەی سیاسی ئەم پێكهاتەیە، لەیادداشت و یادەوەری كوردانی باشور لەماوەی 1946-1969.

**وشە كلیلەكان:** فەیلی، باشور، یادداشت، یادەوەری، حەبیب، ئەلحاج

# Faili Kurds Political activities in the memory of Southern Kurdish

**1969 - 1946**

Shakhawan Abdullah Saber

Department of History, Faculty of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract

Recording the memories with the experienced people who are the witness of the events is the source of written history, more important than this, the person himself is main character of the event or he is the witness and tangible evidence of the events. Meanwhile those who recorded their memories as participants in the events are noticeable important to our history because these events have not been written at any sources but the researcher will find out thru their memory or interviewing them, that is why recording the data from these sources are very important because it is taken from their memories and with their death all the information will be vanished.

Faili Kurds are the origin part of the Kurdistan especially because of two reasons firstly because of their nationality and secondly due to their doctrine since they are shiia.

Faili Kurds have gone through many upsets from prisoning, taking their National ID, and exiling them. Though geographically they were far from Kurdistan, they lived mostly at Baghdad, center and Middle Euphrates, but despite that neither their geographical nor the lampers came to their road made them forget their roles in political and cultural activities as Sothern Kurdish. This research sheds lights on their role in the memory of Southern Kurdish between. 1969 - 1946.

Keyword: Faili, South, Al- Haj, Autobiography, Memory, Habib.

## پێشەکی

یادداشت و بیرەوەری کەرەستەیێکی گرنگی تۆماری مێژون بە تایبەتی ئەگەر یادداشتنوس دور لە دەمارگیری و گیانی شکانەوەی بەرامبەر وچیرۆکی خۆبەپاڵەوانکردن ڕوداوەکانی ڕۆژگاری خۆی تۆمارکردبن، نوسینەوەی یادداشت و بیرەوەری لەناو کوردی باشور بەراورد بە میللەتانی دەوروبەر مێژویێکی درێژی نیە و دەگەڕێتەوە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، دواتر برەوی پێدراوە بەتایبەتی لەنێو ڕۆشنبیر و سیاسیەکانی ئەم قۆناغ ئاوڕی لێدراوەتەوە.

کوردانی فەیلی توێژێکی گرنگی کۆمەڵگای عێراقین، ڕۆڵی دیاریان لەبوارەکانی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابوری لەمێژوی عێراق هاوچەرخ هەبوە، بەهۆکاری کوردبون و جیاوازی مەزهەبیان نەهامەتیەکانیان زیاتر دەبێت، بەڵام تێبینیکراوە لە نێو نوسراو بەرهەمەکانی کوردانی باشوری کوردستان بەتایبەتی یادداشت و بیرەوەریەکان وەکو پێویست چالاکی سیاسیی و ناسۆری و نەهامەتیەکانیان نەخراوەتەڕو، نوسینی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بە ئاڕاستەی بەدیارخستنیان لەنێو دوتوێی یادداشت و بیرەوەریەکانی کوردانی باشور لەنێوان ساڵانی1946-1969.

ئامانج لەنوسینی ئەم توێژینەوەیە ئاوەڕدانەوەیە لە مێژوی پێکهاتەیێکی گرنگی نێو بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان. لەدەرئەنجامی کۆمەڵێك فاکتەر ڕۆڵ و پێگەی سیاسیان وەك پێویست نەخراوەتەڕو، بۆیەش ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی چالاکیە سیاسیەکانی کوردانی فەیلیە لەنێو یادداشت و بیرەوەری کوردانی باشور لەسەردەمێکی پڕ لە گۆڕانکاری و کێشەی سیاسی.

سروشتی توێژینەوەکە کە لەژێر ناونیشانی (**چالاکیە سیاسیەکانی کوردە فەیلیەکان لەیادداشت و بیرەوەری کوردانی باشور1946-١٩٦٩**) وا پێویستی کردوە دابەشی سەر دەروازەو دو تەوەری سەرەکی بکرێت، تەوەری یەکەم لە ژێر ناوی (**چالاکیە سیاسیەکانی کوردانی فەیلی لە یادداشت و بیرەوەری کوردانی باشور ١٩٦٤-1960**) لەم تەوەرە تیشك خراوەتەسەر چالاکیە سیاسیەکانیان لەنێو ڕیزەکانی پارتە سیاسیەکان، لەگەڵ ڕۆڵی کوردانی فەیلی لە گۆڕانکاریە سیاسیەکان لەماوەی 1958-1960 کراو شەنوکەوکراوە، هەرچی تەوەری دوەم و کۆتاییشە لەژێر ناوی (**چالاکیە سیاسیەکانی کوردانی فەیلی لە یادداشت و بیرەوەری کوردانی باشور1961-**

1969 تێدا دو باسی سەرەكی خراوتەڕو، لەوانە چالاكیە سیاسیەكانی كوردانی فەیلی لەنێوان ساڵانی1961-1966، لەباسی دوەمیش بەدرێژی لەسەر لێكترازانەكەی 17ئەیلولی 1967- 3نیسانی 1969 نێو ڕیزەكانی حیزبی شیوعی عێراق و جیابونەوەی باڵێكی گەورە لە حیزب بە ناوی (سەركردایەتی ناوەندی- القیادة المركزیة) بە ڕێبەرایەتی كەسایەتێكی دیاری كوردی فەیلی (عزیز ئەلحاج) وەستاوین.

كەرەستەی سەرەكی لە نوسینەوەی ئەم توێژینەوە یادداشت و بیرەوەرییەكانی كوردانی باشورە، هەوڵدراوە زۆرینەی زۆری ئەو یادداشت و بیرەوەریانە بەسەربكرێنەوە كە تیشكیان خستۆتە سەر چالاكییە سیاسییەكانی كوردانی فەیلی. ئەمەو سەرباری ژمارەێك سەرچاوەیتر بەپێی پێویستی توێژینەوەكە سودیان لێوەرگیراوە، لە لیستی سەرچاوەكان هێمایان بۆكراوە. بۆ ڕونكردنەوەی زۆر لایەنی ناڕونی زانیارییەكانی یادداشتەكان توێژەر پەنای بۆ ئەنجامدانی كۆمەڵێك دیمانەی كەسی بردوە لەگەڵ ئەو كەسانەی نزیك یاخود كار ئەكتەری بەشێك لەڕوداو پەرەسەندنەكان بون، لە هەندێك باریشدا هەندێك لەو كەسانە دوێندراون ئەگەرچی تەمەنیشان هاوتەریی هەمو ڕوداو پێشهاتە سیاسییەكان نەبوە، بەڵام بەهۆی نزیكیان لە كەسایەتیەكان توانراوە سودیان لێوەربگیرێت، هەروەها ئەرشیف و دۆسییە كەسییەكان لایەنێكیتری وەرگرتنی زانیارییەكان بوە.

پرسیارەكانی توێژینەوە:

1- ئایا یادداشت و بیرەوەرییەكانی كوردانی باشور وێنە ڕون و گشتگیری چالاكییە سیاسییەكانی كوردانی فەیلیان لەخۆگرتوە؟

2- بۆچی زانیارییەكانی نێو دوتوێی زۆرێك یادداشت و بیرەوەرییەكان لەهەندێك باردا سادە و سەرپێین و ناچنە ناو قوڵایی چالاكییە سیاسییەكان؟

3- كوردە نیشتەجێبوەكانی شاری بەغدا (شارەكە مەڵبەندی سەرەكی نیشتەجێبونی كوردانی فەیلی بوە) تا چەندە لە یادداشتەكانیان بایەخیان بەتۆماری مێژو وچالاكییە سیاسییەكانی كوردانی فەیلی داوە.

میتۆد وكەرەستەكانی توێژینەوە: سروشتی توێژینەوەكە وایكردوە هەردو میتۆدی شیكاری و هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی لەخستنە ڕوی سەرنج وتێبینیەكان دەربارەی ناوەڕۆكی یادداشتەكان بەكار بێت، بەتایبەتی پرسی مامەڵە لەگەڵ یادداشت وبیرەوەریەكان هەستیارن لە زۆربەی كاتەكان وادەبێت نوسەر لایەنگیربێت بابەتیانە زانیارییەكانی تۆمار نەكردبێت.

گرفتی بەردەم ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەدۆزێتەوە بەشی زۆری یادداشت نوسانی كوردی بەدرێژی لەسەر جموجۆڵ وچالاكییە سیاسییەكانی كوردانی فەیلی نەوەستاون، ئەوەی خستویانە ڕو لە زۆربەردا زانیاری كورت وسەرپێین، بۆ دەرباز بون لەم گرفتە هەوڵدراوە لەڕێگای دیدەنی تایبەت لەگەڵ كەسانی پەیوەندار، وسەرچاوەی تری مێژویی ، كەلێن وبۆشاییەكان پڕ بكرێنەوە.

**ڕێخۆشكردن: چەردەێك لە مێژوی كوردانی فەیلی چالاكیە سیاسیەكانیان تاوەكو ساڵی1945.**

ناوچەكانی نیشتە جێبوی كوردە فەیلییەكان لەئێران پێیان دەگوترێت لوڕ بە گوتەی محەمەد تۆفیق وردی **" لە كوردە هەرە ئازاكان بون وپاڵەوانەتەكانیشان زانراوە"** (وردی، بێ ساڵی چاپ،23) لوڕەكان هەرێمێكی تایبەت بە خۆیان هەبوە لەباشوری ئێران بە ناوی لوڕستان كە هاوسنوربوە لەگەڵ سنورەكانی عێراق لەباشوری خانەقین (الجاف،2003، 8) لوڕستان هەرێمەكانی ئیلام كە پایەتختەكەی (زرین ئاباد) بوە، لەگەڵ كرمنشا پایەتختەكەی (لوڕستان) بوە دەگرتەوە، بەگشتی لوڕەكان پێهاتون لە چوار لقی سەرەكی (لوڕی بچوك (فەیلییەكان،) لوڕی گەورە،بەختیاری، ولەك) (الطریحي،2013، 12) توێژەرێكیش وای بۆ چوە ناوچەكانی لوڕستانی ئێستا لەسەدەی 16 ز، بەواتای لوڕستانی فەیلی یاخود وڵاتی فەیلییەكان هاتوە، لەسەدەی 19 بۆ دو ناوچەی سەرەكی دابەش بوە، ئەوانیش (پێشگوە) ناوچەكانی خوڕەم ئاباد وبروجرد، كوهەدەشت دەگرتەوە(پیشتگوە)ش بەشێكیان دەكەونە كورستانی ئێرانەوە، لەگرنگترین مەڵبەندەكانیشی ئەمانە بون، ئیسلام ئاباد، گیلانی ڕۆژئاوا دهلران، سەرپیل زەهاو، قەسری شیرین، سومار، ئیلام، كرند، مهران و درەشهر. دەستەواژەی لوڕستان تەنها ناوچەكانی پێشگوەی گرتۆتەوە لەكاتێكدا ناوچەی پیشتگوە وڵاتی فەیلییەكان بوە. لەبەرامبەر ئەم بۆچونەشدا ڕاێكی تریش هەیە وای بۆچوە، ناوچەی فەیلییەكان لەسەر ڕێگای گشتی نێوان قەسری شیرین كرمانشا تا كەنداو درێژ دەبێتەوە (محمد،2013، 121). لە عێراق فەیلییەكان لەم شوێنانە نیشتەجێن: بەغدا، كوت،خانەقین، مەندیلی، زەڕباتیە، نەعمانیە، كمیت، شەهربان،سەعدیە، دیالە، كەركوك (العلوي،2009، 30) جەلەولا، قزلربات، قزانیە، بەدرە، جەسان، عەلی ڕۆژئاوا،

شێخ سەعد، حەبی، لە شارەکانی، سلێمانی، هەولێر، کەرکوك رومادی، کفری، و عیمارە دابەش بون (محمد،2013، 122)، جیاوازی نێوان کوردە فەیلییەکان لە عێراق و ئێران لەوەدایە لە یەکەمیان بە فەیلی و لە دوەمیشیان بە لوڕ ناسراون(عمر،2004، 24).

ئەوەی تایبەتە بە ناو و وشەی فەیلی بە زۆر مانا لێکدراوەتەوە، هەندێك وای بۆ چون وشەی فەیلی بەمانای شۆڕش دێت، هەندێکی تر بەمانای یاخی یان لێکداوەتەوە، هەندێکی تریش دەڵێن بە مانای ئازاو وشۆڕشگێڕ دێت (الفيلي،2009، 23) لە بەرامبەریشدا ڕایێکی تر لەگەڵ ئەوەیە وشەی فەیلی لە ناوی پادشا (بیلی) هاتوە، لە دەوروبەری2220 پ. ز بنەماڵەیێکی عیلامی دامەزراندبو، لەکۆنیشدا وشەی( ف) بە (ب) گۆکراوە، بە تێپەڕبونی کات وشەکە گۆڕاوە بۆ فەیلی، لەپاڵ ئەم ڕایانەش بۆچونێکی تریش لەگەڵ ئەوەیە لە وشەی فیل هاتوە، چونکە دانیشتوانی هەرێمی پشتکوە ڕاهێنانیان بەفیل کردوە(ناصر واخرون، 2014، 8-9) هەندێکی تر دەڵێن بنچینەی وشەکە لە ( بهلی)و(بهلوی) وەرگیراوە (الطريحي،2013، 12).بەڵام ئەوەی جێگیرە فەیلییەکان خاوەن شێوە زاری تایبەت بە خۆیانن، زمانەکەشیان لە زمانی کوردی وەرگیراوە، بەڕای هەندێك لە زماناسەکان شێوە زاری فەیلی بنچینەی ڕاستی زمانی کوردیە، زۆرێك لە ڕۆژهەڵات ناسەکانیش لەوانە هێنری فیلد وفالکهولم، کورزون، پاڵپشتی ئەم بۆچونە دەکەن (محمد، 2013، 122).

سەبارەت بە ناسنامەی ئایینزایی (مەزهەبی) کوردە فەیلییەکان، بەگشتی فەیلییەکانی عێراق شیعەن، بەڕای توێژەرێکیش لە پێشەنگانی ئەو گروپانە بون کاریگەر بون بە عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب، لە ڕێگای ئەوانیشەوە دیاردەی شیعەگەری گوازراوەتەوە بۆ فەیلییەکانی ئێران(جون،2012، 50 ).

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا فەیلییەکان بەژداریان لە ڕوداوە سیاسییەکانی عێراق کردوە، تێبینی ئەوە دەکرێ لەساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی ناوچەکانی نیشتەجێبوی فەیلییەکان لەگرنگترین مەڵبەندەکانی گردبونەوە نارەزاییەکان بون دژ بە دەسەڵاتی بەریتانییەکان، شان بەشانی پێکهاتەکانیتر تێکۆشاون(الحاج،1999، 116) بەگوتەی محەمەد تۆفیق وردی لەناوچەی هەورامان بەسەرۆکایەتی حوسێن قولیخان شەڕی ڕوسەکانیان کردوە(وردی، بێ ساڵی چاپ،37). لەداوای کۆتایی هاتنی جەنگیش، بەدیاریکراوی لەڕوداوەکانی شۆڕشی1920 بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرانی شۆڕشەکە لە ناوەڕاست و باشور بەشێوەی پارتیزانی لەناوچەکانی خانەقین و بەعقوبە ڕوبەڕوی فەرماندەی بەریتانی جەنراڵ (مور-More) بونەتەوە(العلوي،2009، 38).

لەدوای دامەزاندنی دەوڵەتی عێراقی لەساڵی 1921 ناسۆری ونەهامەتییەکانی کوردانی فەیلی دەستیپێکردوە، بەتایبەت لەسەر پرسی هاووڵاتیبون و ڕەگەزنامە، دەسەڵاتدارانی عێراقی لە دوای 1921 ڕوانییان بۆ پرسەکانی وەك هاووڵاتیبون و ڕەگەزنامە لە دیدێکی تەسکی عروبییەوە سەرچاوەی گرتبو، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ژمارەی دانیشتوان، تایبەتمەندی نەتەوایەتی و ئاینی (اسكندر،2004، 34) لە 9 تشرینی یەکەمی1924 یاسای ڕەگەزنامە ژمارە 24 دەرچو، بەگوێرەی یاساکەش گەلانی عێراقی دابەشی سێ چین کرابون، یەکەمیان ئەو عێراقیانە بون شوێنکەوتەی عوسمانیەکان بون، شوێنەکەوتوکانیتر لەوانەش ئێرانیەکان لە چینی دوەم دەهاتن، سێیەمیش درابو بەو بێگانەی هەڵگری ڕەگەزنامەی عوسمانی بون، بەم شێوەیەش زۆربەی هۆزە عەرەبییەکانی ئاکنجیبوی ناوەڕاست و باشوری عێراق لەگەڵیشیدا زۆربەی کوردە فەیلییەکان بونە هەڵگری ڕەگەزنامە لە چینی دوەم، هۆکارەکاشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە فەیلییەکان بۆ خۆدورگرتن لە ئەنجامدانی خزمەتی سەربازی، وەك هاووڵاتی ئێرانی خۆیان تۆمارکردبو، تەنانەت هەندێك لەهۆزەکان خۆیان بۆ هیچ لایەنێکی عوسمانی و ئێرانی ساغنەکردبۆوە (غلام، 2021، 79-80) بەشێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن بەریتانییەکان لەنێویشیان ناوی هەریەك لە مس بیل (جون، 2019، 168) و ئیدمۆندز(الفيلي، 2012، 182) دێنن لە دوای دەرکردنی یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی بون، ئەمەش لە پێناو خزمەتکردن بەچینێکی دەستڕۆیشتوی کۆمەڵگای عێراق (مەبەستیان سونەکان بوە) کە هاوکار و پشتیوانی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیابون لەو قۆناغە، نەك ئەوەندە تەنانەت ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن یاساکە بەئینگلیزی نوسراوە حکومەتی عێراقیش تەنیا کاری وەرگێڕانی بۆ کردوە (جون، 2019، 168).

شایەنی باسە حکومەتە یەك لە دواییەکانی عێراقی هەڵیانداوە ئەم یاسایە لەبەرژەوەندی خۆیان بۆ لێدانی نەیارەکانیان بەکاربهێن، بۆ نمونە لەساڵی 1933 ڕەگەزنامەیان لە پەتریاکی ئاشورییەکان، لەگەڵیشیدا کۆمەڵێك لە لایەنگیر و شوێنکەوتوەکانی سەندۆتەوە (فتح الله، 2001، 219) هەر لەم چوارچێوەش حکومەتی یاسین هاشمی (17 ئازار 1935-29 تشرینی یەکەمی1936) کۆمەڵێك مامۆستای ئاینی

بەبیانۆی فەیلی بونیان دورخستۆتەوە بۆ ئێران ڕەگەزنامەشی لێسەندونەتەوە، هەروەها لەبەغدا وهەندێك لیواکانیتریش دەستی بە هەڵمەتێکی بە زۆر کۆچپێکردن کردبو، بەڵام بەهۆی کودەتای بەکر سدقی لە1936 هەوڵەکانی سەرکەوتو نەبون (غلام، 2021، 86).

لەسەرەتاکانی1941 یەکەمین هەڵمەتی دورخستنەوەی فەرمی فەیلییەکان لەسەردەمی دەسەڵاتی ڕەشید عالی گەیلانی(31ئازاری 1940-3 شوباتی 1941) دەستپێکرد، لەم چوارچێوەدا دەیەها خانەوادەی فەیلی بۆ ئێران دورخراونەتەوە، بەڵام بەهۆی بەهێزنەبونی ڕێوشوێنە ئەمنیەکانی ناوچە سنورییەکان و ئەو پەشێویە سیاسییەی ناوچەکەی تێکەوتبو لەدەرئەنجامی جوڵانەوەی مایسی1941، دواتر کەوتنی حکومەتەکەی گەیلانی، لەلایێکی تریشەوە بەهۆی نەبونی هیچ بەڵگەیێك بیسەلمێنی کۆچکردوان هەڵگری ڕەگەزنامەی ئێرانی یاخود عێراقی بن، حکومەتی ئێرانی ئامادەنەبوە پێشوازی لەو خانەوادانە بکات، بۆیەش زۆربەی کۆچکردوان دوای ماوەیەك گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان(غلام، 2021، 87).

جیا لەو ناسۆریەی باسمانکردن کوردانی فەیلی لە هەندێك باردا، هەستیان بەو جیاکارییە کردوە لە نێوان ئەوان وهاوشاریەکانیان کراوە، لە هەندێك بارداشدا هەستی نەتەوەییان بریندارکراوە، تەنانەت منداڵانی قۆناغی پۆلی یەکەمی سەرەتایشی لێبێبەش نەبوە، بۆ نمونە قوتابێکی فەیلی لە یاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات ساڵی1942 کاتێك دەچێتە قوتابخانەیەکی میری لەبەرئەوەی چاوەکانی بەهێزنەبون، لەلایەن پزیشکی تایبەتەوە، بڕوانامەی سەلامەتی جەستەیی پێنادرێت، بۆیە بەناچاری دەچێتە قوتابخانەیەکی ناحکومی، بەڵام لەیەکەم ڕۆژی چونە قوتابخانە لەبەر کوردبونی، بەبەرچاوی هەمو قوتابیانەوە سوکایەتی پێدەکرێت (البصير،21،1961-27).

ئەوەی تێبینیدەکرێت لەماوەی1914- 1945 ڕۆڵی سیاسییەکانی کوردانی فەیلی لە پەرەسەندنەکان باشوری کوردستان سنورداربوە، ڕەنگبێت بەشێکی زۆری هۆکاری بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەوان لە ڕوی جوگرافیاوە دوربون، لە ناوەندی کوردستان کە شانۆی ڕوداوە سیاسییەکان بوە، بۆیەش دەبینین بەشدارێکی ئەوتۆیان لە جوڵانەوە سیاسییەکانی دوای کۆتایی هاتنی یەکەم جەنگی جیهانی نەبوە، بەنمونەی جوڵانەوەی شێخ مەحمودی حەفید1918-1925 لەسلێمانی و ناوچەکانی دەوربەریدا، جوڵانەوەی بارزانی یەکەم 1931-1933، بەڕێبەرایەتی شێخ ئەحمدی بارزان، بەڵام ئاماژە بە محەمەد باشقە دەکرێ، یەکێك لە ڕاوێژکارانی شێخ مەحمود بوە، یەکەم ئەلفوبێی کوردی داناوە (البدري،2017، 15) قەدەم خێری فەیلی میری ناوچەی پشتکوە، لە نامەیەکی بۆ شێخ مەحمود داوای یەکخستنی هەڵویستی لێکردوە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی دوژمنانی کورد (وردی، بێ ساڵی چاپ،33-34) هەروەها جەعفەر محەمەد کەریم (1910-2000)[1] ئەندامی پارتی هیوا بوە، دوای لێکهەڵوەشانەوەی پارتەکە دەبێتە یەکێك لە دامەزرێنەرانی پارتی ڕزگاری (جريدة الاتحاد (8 ايلول2000، العدد 386).

شایەنی باسە کوردانی فەیلی لە سەرژمێری ساڵی 1947 ژمارەیان زیاد لە 30 هەزار کەس بوە (ئەرشیفی تایبەتی عباس بەدری) لە قۆناغی بەر لە کۆچی جولەکان بۆ ئیسرائیل لە دوای ساڵی 1948 لەگەڵ جولەکانی ئاکنجی بوی بەغدا کاریانکردوە (دیدەنی لەگەڵ بەڕێز حەسەن محمود عەلی ناسراو بە ئەبو فەلاح لە18 کانونی دوەمی 2024هەولێر)[2] تەنانەت داینەمۆی بزاوتی بازرگانی بەغدا بون (البدري،4،2017). توێژەرێکیش وای بۆچوە کوردانی فەیلی لە بنەڕەتدا خەڵکانێکی کەسابەتکار بون، زۆر گرنگییان بەم لایەنە داوە (دیدەنی لەگەڵ بەڕێز خەسرۆ جاف، هەولێر5 شوبات 2023) [3] فازیڵ بەڕاك ئاماژە بەوە دەکات بازرگانانی جولەکە پێوەندی بازرگانی فراوانیان لەگەڵ هەریەك لەبازرگانە ئێرانی و شوێنکەوتوە ئێرانیەکان (مەبەستی فەیلییەکان بوە) هەبوە، بۆیەش دوای کۆچیان، کۆگا وکاڵاکانیان بەوان فرۆشتوە (البراك،1984، 148) بۆچونێکیش هۆکاری کاری فەیلییەکان لەگەڵ جوەکانی بەغدا بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە فەیلییەکان ئەمین ودەستپاك و بێکێشە بون لەکڕین و فرۆشتن، بۆیەش جوەکان بەلایەنەوە پەسند بوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەن (دیدەنی لەگەڵ بەڕێز حەسەن مەحمود عەلی ناسراو بە ئەبو فەلاح).

## تەوەری یەکەم: چالاکییە سیاسییەکانی کوردانی فەیلی لەیادداشت و بیرەوەری کوردانی باشور ١٩٦٤- 1960

یەکەم: چالاکییەکانیان لە ڕیزەکانی پارتە سیاسییەکان1946-١٩٥٧

1 -پارتی دیموکراتی کوردستان

دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە 16 ئابی1946 دەروازەی کرانەوەی دەرگای پارتە سیاسییە کوردستانییەکان دەبێت بەڕوی کوردانی فەیلی، بەتایبەتی فەیلییەکانی ئاکنجی شاری بەغدا، لەم ڕێکەوتەش بەدواوە دەبنە بەشێکی دانەبڕاو لەخەباتی سیاسی کوردانی باشور، کۆنگرەی دامەزراندنی پارتەکە، بەنهێنی لەماڵی کوردێکی فەیلی بەناوی سەعید فەهیم گرێدراوە (غلام،155،2021) لەدەنگدان بۆ دیاریکردنی ئەندامانی سەرکردایەتی حیزب، لەنێو دەرچوەکان دو کەسایەتی فەیلی دەبینرێن، ئەوانیش هەریەك لە مەلا سەید حەکیم خانەقینی و جەعفەر محەمەد کەریمن (الفيلي،2012، 200) تەنانەت دەگوترێ جەعفەر لە هەڵبژاردنەکە لە هەمو ئەندامانی دەرچو زیاتر دەنگی هێناوە(دیدەنی لەگەڵ بەڕێز حەسەن مەحمود عەلی ناسراو بە ئەبو فەلا) ناوبراو لەلایەن لیژنەی ناوەندی حیزب وەك ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەست نیشانکراوە، (کریم، 1998، 35) دواتر وەك پزیشکێك لەبواری مەیدانی لە خزمەت چەکدارانی بارزان بوە، پاشان دەچێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردوە و پەیوەندی تۆکمەی لەگەڵ قازی محەمەد هەبوە، دوای ڕوخانی کۆمار متمانەی بەو لێبوردنە نابێت کە حکومەتی عێراق دەریکردوە، بۆیە ڕەگەزنامەی عێراق لێدەسێندرێتەوە، بەهۆی بەژداری لە ڕوداوەکانی کۆماری مهاباد لە ئێران سێ ساڵ زیندانیدەکرێت (جريدة الاتحاد، 8 ايلول2000، العدد386). بەڵام بەگوێرەی گێڕانەوەکانی جەلال تاڵەبانی بێت، لە دوای وەسبەی کانونی دوەمی1948 لە چوارچێوەی ئەو ئەحکامە عورفییەی حکومەتی ساڵح جەبر ڕایگەیاندبو بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە، پارتی دیموکراتی کوردستان پڕیشکی ئەم ڕێوشوێنانەی حکومەتی بەرکەوتوە، لەدەرئەنجامیش بێبەش بوە لە وزەو تونای چەند سەرکردەو کادیرێکی بەتوانا، لە پێشەوەی هەموشیان تاڵەبانی ئاماژەی بە دورخستنەوەی جەعفەر محەمەد کەریم لە عێراق دەکات بەبیانوی ئەوەی ناوبراو ئێرانییە (نوسینەکانی مام جەلال لە گۆڤاری خاکدا، 2012، 72). وەك پیاوی ئێرانیش هێمای بۆ کراوە (بۆتانی،1998، 118) جیاواز لە بۆچونەکانی پێشو نوری شاوێس لە یادداشتەکانی ئاماژە بەوە دەکات لە ئازاری1950 کۆبونەوەیەکی فراوان**"لە شێوەی نیوە کۆنگرە"** دەبەستن هەڵبژاردنی جەعفەر محەمەد کەریم بە غیابی وەك ئەندامی لێژنەی ناوەندی توڕبونی گەورەی بەژداربوانی لێکەوتۆتەوە، چونکە تۆمەتبارکرابو وەك بەکرێگیراوی حکومەتی ئێرانی، لەبەرئەوەی دوای ڕوداوەکانی وەسبەی چۆتە بەریتانیا دواپی گەڕاوەتەوە ئێران، بەژداری لەخۆنیشاندانەکانی ڕۆژگاری محەمەد موسەدق (1950-1953) کردوە، هەروەها لەوێ داویەتە پاڵ حیزبی تودە و چەپ و هێزە نیشتیمانییەکان، بەڵام لە ئەنجامی ڕوخانی دەسەڵاتی موسەدق لە 19 ئابی 1953 جەعفەر لەگەڵ زۆربەی ئەو کوردە عێراقیانەی پەیوەندییان بە تودە و موسەدەقەوە هەبوە دەستگیردەکرێن (شاويس،1985، 57-58) لەگەڵ ئەوەی ناوبراو لەعێراقیش نەبوە، بەڵام لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی کە لە 26 کانونی دوەمی 1951 لە کەرکوك بەستراوە بە غیابی وەك ئەندامی سەرکردایەتی حیزب دەست نیشانکراوە (کریم،1998، 50-49) لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانی گومانی ئەوە کراوە پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ کوردانی ڕۆژهەڵات لە ڕێگای ناوبراوەوە بوبێت (مەزهەر، 2014، 165) لەوانە قورس بێت بچینە ژێر باری بەڕاست زانینی ئەم ڕایە، چونکە ناوبراو دوای دورخستنەوەی دەستبەرداری کاری سیاسی بوە، لەلایەکیتریش دور بوە لە ناوەندی کوردانی ڕۆژهەڵات، بەمپێەی لە ڕێگای دانانی نۆرینگەیکی پزیشکی لە تارانی پایتەخت مومارەسەی بوارە پسپۆریەکەی خۆی کردوە.

حەبیب محەمەد کەریمی (1931-2013 )[4] برای جەعفەریش وەك کەسایەتێکی دیاری فەیلییەکان لەکایەی سیاسی هێمای بۆدەکرێت بەبەراورد بە کەسایەتییەکانیتری کوردی فەیلی لە یادداشت و بیرەوەرییەکانی کوردانی باشور بە حوکمی ئەو پێگە سیاسیەی دەیبێت (دواتر باسی دەکەین) تیشك زیاتر خراوەتە سەر چالاکییە سیاسییەکانی، بە بۆچونی جەرجیس فەتحوڵلا، لەسەرەتادا کۆمۆنیست بوە، دوای تێکچونی پەیوەندییەکانی لەگەڵیان، هاتۆتە ریزی پارتییەوە (عزيز، 2002، 68) لەساڵی1952 دەبێتە ئەندامی پارتە دیموکراتی کوردستان، لەبەر جموجۆڵ وچالاکییەکانی بۆ ساڵی دواتر لەکاتێکدا تازە لەکۆلێژی مافی زانکۆی بەغدا وەرگیرابو دەستگیر دەکرێت، دوای ئازادکردنی، چالاکانە کارە سیاسییەکان ڕایدەکات، هەر زو دەبێتە جێگای متمانەی ئەندامانی پارتی، بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێك ئەرك وەك**"باشترین هەڤاڵ"** ئاماژەی بۆ دەکەن(بۆتانی،1998، 201) تەنانەت کۆمەڵێك قوتابی کۆلێژی ئیحتیات لەساڵی 1956 بیر لە غافلکوژکردنی نوری سەعید و عەبدولئیلا دەکەنەوە، بۆ وەرگرتنی ڕای پارتی، ڕاوێژیان بەحەبیب کردوە (شێرە،2015،چ3، 16-17)

لەساڵی1958 درێژەی بە تەواوکردنی خوێندنەکەی داوە، هاوتەریب لە لیژنەی ناوچەی پارتی لە بەغدا، بەردەوام دەبێت لەسەر کاری حیزبی (مەلا قادر، 2014، 103).

زەکیە ئیسماعیل حەقی[5] وەك چالاکوانێکی سیاسی دیارکەوتوە، ڕۆڵی پێشەنگی بینیوە لە ڕێبەرایەتی کردنی ئافرەتانی فەیلی، جەلال تاڵەبانی لە یادداشتەکانی ئاماژە بەوە دەکات، لەکاتێکدا زەکیە قوتابی بوە لە بەغدا لایەنگری پارتی بوە، چالاکی لەناو فەیلییەکان هەبوە، ئەو ساڵی1953 زەکیەی هێناوەتە ڕیزەکانی پارتی (ڕەشید، ب،1چ 2019،4، 66) نەرمین عوسمانیش لە یادداشتەکانی لە زاری زەکیە خۆیەوە دەگوازێتەوە لە ڕێگای تاڵەبانییەوە هاتۆتە ناو پارتییەوە (عوسمان،2022، 174) بەهەمان شێوە زەکیەش دان بەوەدا دەنێ لەو کاتەی لەقۆناغی دواناوەندی بوە لەبەغدا، هۆشیاری سیاسی نەبوە، تاڵەبانی بەرپرسی بوە (دەقی چاوپێکەوتنی بڵاونەکراوەی بەڕێز فواد ڕەوەند لەگەڵ زەکیە ئیسماعیل حەقی لە11 نیسانی 2014، دۆسیەی تایبەت لە ئارشیفی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان) و پێیگوتوە **"کاکە زەکیە"**(عوسمان، 2022، 174) (دەقی چاوپێکەوتنی بڵاونەکراوەی بەڕێز فواد ڕەوەند...) بەگوێرەی ڕای زەکیە، ناوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەڕاوێژ و گفتوگۆی ئەو بوە لەگەڵ تاڵەبانی (دەقی چاوپێکەوتنی بڵاونەکراوەی بەڕێز فواد ڕەوەند...) لەماوەی ۱۹۵۷-1952 ڕێکخراوەکە هەندێك چالاکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، و کاری خێرخوازانەی ئەنجامداوە یەکێك لەوانە کۆکردنەوەی پارە بوە بۆ قوتابییە هەژارەکان تا درێژە بەخوێندەکەیان بدەن (حەفیدزادە،2010، 29) زەکیە پەیوەندی بە کچانی فەیلی کردوە بۆ هاتنە ناو یەکێتیەکە، لەوکاتەدا پیتاك و یارمەتی کۆکراوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە فەتاح فەیلی بازرگان بە پێدانی قوماش باربویکردون، ئەویش هاوشان لەگەڵ کچانی فەیلی دوای دورینیان دابەشی سەر خەڵکی هەژاریان کردوە، هەروەها پارەشیان کۆکردۆتەوە بۆ خانەوادەی شەهیدان و ئەو کەسانەشی کوڕ و یاخود سەرپەرشتیارەکانیان زیندانی سیاسی بون، جیا لەم کارانەش، بڵاوکراوە سیاسییەکانیان لە کوردییەوە وەرگێڕاوەتە سەر هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و بەسەر باڵیۆزخانەکان دابەشیان کردوە، بەناوی وەرگرتنی فیزاش، سەردانی باڵیۆزخانەی میسریان لە بەغدا کردوە، بڵاوکراوەکانیان پێداون (دەقی چاوپێکەوتنی بڵاونەکراوەی بەڕێز فواد ڕەوەند...).

**2-لە ناو ڕێزەکانی حیزبی شیوعی عێراق.**

سەبارەت بەهۆکارەکانی پەیوەستی فەیلییەکان بە بیرۆکەی چەپ، توێژەرێك وای بۆچوە لەبەرئەوەی ڕێبەرانی تەوژمە نەتەوەییەکان بە درێژایی ڕۆژگاری پادشایەتی لە هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتێك دابون خودان شوناسێکی تائیفی، وەهەڵگری دروشمی نەتەوەیی بێت، بەبێ ئەوەی خواستی دانیشتوانی عێراق بەدیبهێنن لە دەستەبەرکردنی دادی کۆمەڵایەتی، نەهێشتنی پەراوێزخستن، لەبەرامبەر ئەم ئاڕاستەیە، ئاڕاستەیکیتر، حیزبی شیوعی عێراق ڕێبەرایەتی کردوە، هەر لە دەمی دامەزراندنیدا لە31 ئازاری1934 خودان بەرنامەیکی نیشتیمانی، بەدەر لە دوربەرەکێی تائیفی و نەتەوەیی بوە، لەبەرئەوەشە کوردانی فەیلی لەگەڵ ئەوەی پابەندبون بە زیندوڕاگرتنی دروشم وسروتە ئاینییەکان، بەڵام بەبێ گوێدانە دیدی حیزب بۆ پرسە ئاینییەکان، کاریان لەگەڵیان کردوە، تەنانەت زۆرینەی ئەوانەی لە دوای 1947 پەیوەندییان بەڕیزەکانی حیزب کردوە کوردە فەیلییەکان بون، جیا لەوەش ژمارەی ئەندامانی کوردی فەیلی بەبەراورد بە ماوەکانی پێشو، بەشێوەیکی لەناکاو لەناو سەرکردایە ناوەنجییەکانی حیزبیش لەو شارە زیادی کردوە، گەیشتۆتە 48 ئەندام، هەروەها ڕەشید حوسێن کە کوردێکی فەیلی بوە، لەساڵی1943 پەیوەندی بەحیزب کردوە، بۆتە ئەندامی لێژنەی ناوخۆیی حیزب لە ناسرییە (غلام،2012، 135-137) لەلایێکیتریشەوە بەهۆی ئەوەی پانتاییکی گەورەی چالاکییەکانی حیزبی شیوعی لە شاری بەغدا بوە، فەیلییەکانیش بە ڕێژەی زۆر ئاکنجی ئەم شارە بون، بۆیە بەشی زۆریان پەیوەندییان بەحیزبی ناوبراو کردوە، کەریم ئەحمەد (1922-2022) هۆکاری پەیوەندی فەیلییەکانی بە حیزبی شیوعی بۆ چەند هۆکارێك گێڕاوەتەوە، لەوانەش خراپی بارودۆخی ئابوری، کە بەشێکی زۆریان لە چینی کرێکاران بون، هۆکاری سیاسیشی لەنەبونی ڕەگەزنامەی عێراقی، و چەوسانەوەیان لەلایەن حکومەتەکانی عێراقی بینیوە(صالح،2014، 115).

شایەنی باسە کادیرانی کوردی فەیلی لەناو حیزبی شیوعی ڕۆڵی بەرچاویان هەبوە لەو ڕاپەڕین و خۆنیشاندانە جەماوەریانەی لە کۆتایی چل و پەنجاکانی سەدەی ڕابردو لە عێراق ڕویداندابو، لەوانەش ڕاپەڕینی کانونی دوەمی 1948، کە یادداشتنوسێکی کورد وەك **"جەنگێکی ڕاستەقینەی نێوان گەلی عێراق و ئیستعماری بەریتانی و دەسەڵاتدارانی و نۆکەر وهاوکارانی"** دیوە (احمد،72،2006) هاوکات ڕۆڵی کاریگەری هەبوە لە هۆشیارکردنەوەی کرێکاران (عەبدوڵلا، 70،1996) لەگەڵ ڕاپەڕینی 1952، و خۆنیشاندانی جەماوەری دژ بە هێرشی

سێقۆڵی بۆ سەر وڵاتی میسر لە 1956 (صالح،2014، 116) بە تایبەتی دانیشتوانی گەڕەکی (الحي) لەبەغدا بەژداری چالاکانەیان هەبوە لە خۆنیشاندانەکانی 1956 بەم هۆیەوەش بڕیاری دورخستنەوەیان بۆ دەرەوەی عێراق بۆ دەردەچێت، هاوتەریب بەڵگەنامەی (مافی مانەوە - الاقامة)ی ئێرانیان لێدەسەندرێتەوە (القيسي،2022، 111) پێویستە بگوترێ حیزبی شیوعی بەشێك لەو خۆپیشاندان و گردبونەوە جەماوەریانەی بەتایبەتی ڕاپەڕینی 1948 قۆستبۆوە بۆ مەرامی حیزبی، لەم چوارچێوەدا داوای ئازادکردنی سەرکردە گیراوەکانی کردوە، دیارە حکومەتی عێراقیش درکی بەم ڕاستییە کردوە، هەر بۆیە بەژداربوانی وەك **"بەکرێگیراوانی مۆسکۆ"** هێما بۆ کردوە (القيسي،2012، 54) لەخۆپیشاندانەکانی1952 لەئەنجامی ڕوبەڕوبونەوەی خۆنیشاندەران و پیاوانی حکومەت، کادیرێکی دیاری حیزب بەناوی عەزیز موراد، لەکوردانی فەیلی کوژراوە (صالح، 2014، 116 ). لە کاردانەوەی ئەم چالاکیانەش وەك تۆڵە کردنەوەیەك حکومەتی عێراقی هەڵساوە بە دورخستنەوەی250 خێزانی کوری فەیلی (الفيلي،2012، 201 ).

یەکێك لە کەسایەتیە چەپە هەرە دیارەکانی کوردانی فەیلی عەزیز ئەلحاج (1926-2020) بوە، هاوکات برایەکیشی بەناوی لەتیف حاجی حەیدەر بە هەمان شێوە ئەندامی حیزب بوە (الحاج،1999، 115) ئاڕاستەی سیاسی ئەلحاج نەتەوەییانە نەبوە، کەمترین بەریەککەوتنی لەگەڵ جوڵانەوەی کوردی هەبوە، هەر لە سەرەتاکانی 1946 پەیوەندی بە حیزب کردوە تاوەکو 1969 لە ڕیزەکانی ماوەتەوە، کاتێکیش لە نیسانی 1946 وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی کاری سیاسیی دا بەپێنج پارتی سیاسی دراوە (الدليمي، 1999، 104) ڕێکخراوێکیش بە ناوی (کۆمەڵەی لەناوبردنی سەیهۆنیەت) بەهەمان شێوە مۆڵەتی کارکردنی پێدەدرێت، شیوعییەکان سەرکردایەتی کۆمەڵەکە دەکەن، ئەلحاج لە هەمو کۆبونەوەکانی کۆمەڵەکە لە شاری بەغدا، ئامادەگی هەبوە، هەر لەو ساڵەش دەستگیردەکرێت، دواتر ئازاددەکرێت، لە کۆتاییەکانی 1948 جارێکیتر دەستگیر دەکرێتەوە و بڕیاری بەندکردنی هەتاهەتایی بۆ دەردەچێت، لەدوای ڕوداوەکانی14 تەموزی1958 ئازاددەکرێت (بۆ زانیاری دەربارەی ژیانی سیاسی ناوبراو بڕوانە: الحاج،2001، 27- 482).

یەکێك لەکوردانی فەیلی بە ناوی جەلیل فەیلی، لە دوای جێهیشتنی ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی سەر بە حیزبی شیوعی لە ساڵی 1956 ڕێکخراوی (کوردە فەیلییەکان)ی لەبەغدا بەنهێنی دامەزراندوە، جەماوەێکی زۆری لە قوتابیان و چینی گشتی خەڵکیش لەکوردانی فەیلی پەیوەندیان بە ڕێکخراوەکە کردوە، دواتر کادیرانی پارتی لە بەغدا ڕازیانکردوە، پەیوەندی بەپارتییەوە بکات (دیدەنی لەگەڵ بەڕێز عبدولجەلیل ڕەزا عەلی فەرەج ناسراو بە جەلیل فەیلی، هەولێر2 شوبات2023)[6].

**دوەم: کوردانی فەیلی و گۆڕانکارییە سیاسییەکان 1958-1960**

شۆڕشی14 تەموزی 1958 وەرچەرخانێکی مێژویی گرنگ بو لە مێژوی سیاسی عێراق، گەلانی عێراق بە هەمو پێکهاتەکانییەوە بەتایبەتی کورد بە ئومێدەوە لە ئایندەی شۆڕشەکەیان ڕوانیوە، پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە ڕۆژی 16 تەموز بەلاغێکی دەرکردوە، پیرۆزبایی لەسەرکردایەتی شۆڕش کردوە بەئومێد بوە ئەم ڕوداوە دەستپێکی بنیادنانی برایەتی و یەکسانی نێوان کورد و عەرەب بێت (شەریف،2005، 48) لەم سەروبەندەدا کوردانی فەیلیش دڵخۆشی و پاڵپشتی خۆیان بۆ ئەم گۆڕانکارییە دەربڕیوە، عزیز ئەلحاج باس لەوە دەکات چەند مانگێك دوای هەڵگیرسانی شۆڕش سەرۆکایەتی شاندێکی هاوبەشی کردوە بۆ سەردانی قاسم، خۆی نوێنەری حیزبی شیوعی و نوێنەری پارتیش حەبیب محەمەد کەریم بوە، داواکاری فەیلییەکانیان خستۆتەڕو، لەوانەش پێدانی ڕەگەزنامە بە هەمو کوردانی فەیلی، قاسمیش بەڵێنی جێبەجێکردنی داواکەی پێداون(الحاج، 1999، 118).

مایەی ئاماژەیە پاڵپشتی فەیلییەکان لە شۆڕش لەوە سەرچاوەی گرتبو قاسم بەبێ جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی خۆی بە خزمەتکاری هەمو گەلانی عێراق زانیوە، بەدوریش نازانرێ مەیلی بەلای فەیلییەکاندا هەبوبێت، خۆی لە دیداری لەگەڵ عیسی پەژمان دەڵێ: **"من خۆم ئێران و میللەتی ئێرانم خۆش دەوێ، بابم لە کوردە فەیلییەکانە... بابی دایکیشم هەر ئێرانی بوە"** (پژمان،1997، 27)، لەم چوارچێوەدا کۆمەڵێك ڕێکاری گرتۆبەر کەمایەی خۆشحاڵی کوردانی فەیلی بوە، لەوانەش بۆ یەکەم جاریش ڕێگا دراوە کوردانی فەیلی بچنە کۆلێژە سەربازییەکان و کەرتی پۆلیس، هەروەها یاسای ژمارە 67 ساڵی1959 دەرچوە تایبەت بوە بەرەتکردنەوەی کۆمەڵێك ڕێکاری دژ و ناکۆك بە دەستوری کاتی عێراق وئامانجەکانی شۆڕش، هەر بۆیەش هاووڵاتیانی فەیلی هەستیان بە ئینتیمایەکی ڕاستەقینە بۆ کۆمەڵگای عێراقی کردوە (مجلة فه يلى، العدد 26، تموز 23،2008) داواش کراوە ئەوانەی دوریشخراونەتەوە بگەڕێنەوە زێدی خۆیان،

ڕەگەزنامەشیان بۆ بگەڕێتەوە یەکێك لەوانە جەعفەر محەمەد کەریم بوە (جريدة الاتحاد، 8 ايلول 2000، العدد386) ئاماژەی واش هەیە مۆڵك وماڵی دەستبەسەرداگیراوی بۆ گێڕابنەوە، تەنانەت توێژەرێك جەخت لەوە دەکاتەوە زەویشی بەسەردا دابەشکردون (دیدەنی لەگەڵ بەڕێز حەسەن حوسێن زائیر ناسراو بە دکتۆر حەسەن کاکی، هەولێر،18 کانونی دوەم 2023)[7] بەڵام سامی فەیلی هێما بۆ ئەوە دەکات بڕیاری زەوی دابەشکردن لە ناوچەی سەوڕەی بەغدا بۆ هەژارەکانی کۆمەڵگا بوە لە هەمو پێکهاتە جیاوازەکان، تایبەت نەبوە بە کوردانی فەیلی، ڕوبەری زەویەکە 144 مەتری چوارگۆشە بوە، ئاماژە بەوە دەکات باوکی ئەویش یەکێك بوە لەوانەی سودمەند بوە لە بڕیارەکەو زەوی پێدراوە (دیدەنی لەگەڵ بەڕێز سامی باقر موسی ناسراو بە سامی فەیلی، هەولێر 11 شوبات 2023)[8].

گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لەیەکێتی سۆفیەت لە6 تشرینی یەکەمی1958 لەلایەن هەردوگەلی کورد وعەرەب پێشوازی گەرمی لێکراوە، بەجۆرێك یادداشتنوسێکی کوردی وای بۆچوە ئەو پێشوازییەی لە بارزانی کراوە لە هیچ ڕێبەرێکی کوردی نەکرابو (عارف،2009، 174) گەڕانەوەی ناوبراو کوردانی فەیلی خۆشحاڵکردوە، جەلال تاڵەبانی لە یادداشتەکانی ئاماژەی بەوە کردوە، لەم هەلومەرجە نوێیە، بارەگاکانی پارتی لەناوچەکانی نیشتەجێبوی کوردە فەیلییەکان لە بەغدا، ڕۆڵی گەورەیان گێڕاوە بۆ گردکردنەوەی خەڵکی لە بۆنە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان (ڕەشید، ب1، 2019، 197) کوردێکی فەیلی لەکاتی گێڕانەوەی یادەوریەکانی بەبۆنەی گەڕانەوەی مستەفا بارزانی ئاماژەی بەوە کردوە ڕۆژێك دوای گەیشتنەوەی بۆ بەسرە کۆمەڵێك لە کوردانی فەیلی دانیشتوی شارەکە، ئاهەنگێگی گەورەیان بە ئامادەبونی بارزانی و بەرپرسان و پیاوماقوڵان وسەرۆك هۆزەکان و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی شارەکە سازکراوە جەماوەری ئامادەبوش دروشمی **(بژی پێشەوای یەکەممان عبدالكريم قاسم، بژی پێشەوای دوەمان مستەفا بارزانی)یان** گوتوە (فيلي،2003، 916)، جیالەوەش لەو ماوەی لە شاری بەغدا ماوەتەوە، کوردانی فەیلی بەبێ ئەوەی داوایان لێبکرێت خۆبەخشانە پاسەوانی مستەفا بارزانیان کردوە (دیدەنی لەگەڵ بەڕێز حەسەن حوسێن زائیر ناسراو بەدکتۆر حەسەن کاکی؛ دیدەنی لەگەڵ بەڕێز عەلی فەیلی هەولێر،22 کانونی دوەمی 2023).(9) عارف مەلا حەسەن بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم زانیاریە باس لەوە دەکات لەگەڵ کەسایەتی سیاسی و کۆمەلایەتی ناسراو وەهاب ئاغای ڕەواندزی.(10) وهەندێك خەڵکیتر لە سەروبەندی ئاڵۆزبونی دۆخی بەغدا دوای هەوڵی تیرۆکردنی عبدوالکەریم قاسم لە 7 تشرینی یەکەمی 1959، پەیدابونی مەترسییەکانی چەکدارانی بەرگری میللی سەر بەحیزبی شیوعی بۆ سەر ژیانی مەلا مستەفا، بۆ پارێزگاریکردن لێی، بەچەکەوە چونەتە شارەکە، دەربارەی ڕۆڵی کوردانی فەیلی لەم دۆخە وئامادەگیان بۆ بەرگری لە بارزانی دەنوسی" **شەوانە فەیلییەکانی بەغدا کە کوردی زۆر دڵسۆزبون، دەهاتن بۆ پارێزیگاریکردن لە بارزانی نەمر، پێمان دەگوتن ئێمە بۆ ئێوە چەکمان لا نییە، ئەوانیش دەیانگوت ئێمە لێرەین بە دەست و بازو و ددانەکانمان بەرگری لە بارزانی دەکەین"**(جندیانی، 2022، 48-49) دوای بینبینی ئەم هەڵویستە لە کوردانی فەیلی و هیوای زۆری وەهاب ئاغا پێیان، وخزمەتەکانیان بە شۆڕشی کوردی و خۆشەویستی بۆیان، منداڵێکی لە دایکبوی خۆی ساڵی 1961 ناودەنێت بە (فەیلی) (دیدەنی لەگەڵ بەڕێز فەیلی عەبدولوەهاب محەمەد عەلی ئاغای ڕەواندزی،هەولێر23 شوبات 2023)[11].

لەم هەلومەرجە نوێیەی لەدوای شۆڕشی 1958 هاتبوە ئاراوە لەماوەی 4-7 تشرینی یەکەمی 1959 کۆنگرەی چواری پارتی دیموکرات لە بەغدا دەبەسترێت، بۆ یەکەم جاریشە بارزانی لە دوای دامەزراندنی حیزب لە کۆنگرە ئامادەبێت (مەلا قادر، محەمەد،2009، 33، حبیب، 1998، 61) جیالەوەش بۆیەکەم جار لە مێژوی حیزب دەستەێك بە ناوی دەستەی چاودێری و پشکنین دادەمەزرێت، ناوی سێ کەسایەتی کوردی فەیلی لە دەستەکە بەدیدەکرێن، ئەوانیش بریتین لەحەبیب محەمەد کەریم، یەدوڵلاکەریم (یەدوڵلا فەیلی) و زەکیە ئیسماعیل حەق(حبیب،1998، 61) بەپێی گێڕانەوەکانی هەریەك لە نوری شاوێس وعومەر دەبابە بێت، زەکیە ئیسماعیل حەق سەرۆکی دەستەکە بوە (شاویس،1985، 79، بۆتانی، 1998، 339).

لە 5 ئایاری1960 پارتی دیموکراتی کوردستا ن یەکەم کۆنگرەی ئاشکرا و پێنجەمینی لە مێژوی خۆی لە شاری بەغدا گرێدراوە، عبدولحوسێن فەیلی وەك ئەندامی لێژنەی ناوەندی دەستنیشانکراوە، هەروەها هەریەك لە حەبیب محەمەد کەریم، یەدوڵلا فەیلی، وەك ئەندامانی دەستەی چاودێری و پشکنین دانراون(حبیب 1998، 67-68).

**تەوەری دوەم : چالاکییە سیاسییەکانی کوردانی فەیلی لەیادداشت و بیرەوەری کوردانی باشور 1961- ۱۹۶۹**

**یەکەم : چالاكییە سیاسییەكانیان 1961-1966:**

**چالاكییەكانیان لە سەرەتاكانی شۆڕشی ئەیلول 1961-1963:**

لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە 11 ئەیلولی 1961 كوردانی فەیلی بەهەمو وزە و توانای خۆیانەوە، پاڵپشت وهاوكارێكی گەورە شۆڕشەكە بون، تەنانەت یەكێك لەكەسایەتییە دیارەكانی فەیلی دەنوسێ: **" شۆڕشی ئەیلول لەسەر شانی كوردانی فەیلی لە دانیشتوانی بەغداو خانەقین و ناوچەكانیتر هەڵگیرساوە**"(مجلة فەیلی، تشرين الاول 2007، العدد 18)، هەر لەچوارچێوەی پاڵپشتی فەیلییەكان لە شۆڕشەكە باس لەوە دەكرێت مانگانە40 هەزار دینار وەك ئابونە لە ئەندامانی حیزب و بازرگانە دەستڕۆیشتوەكانی فەیلی بۆ شۆڕش كۆكراوەتەوە (دیدەنی لەگەڵ بەڕێز عەلی فەیلی). لە بواری خزمەتكردنیش بە هێزی پێشمەرگە، یادداشتنوسێك هێمای بۆ ئەوە كردوە، دكتۆر سەمیر ئەمیر عەلی فەیلی، دەرچوی كۆلێژی پزیشكی زانكۆی موسڵ، لێپرسراوی تەندروستی هەمو دەفەری دهۆكی شۆڕشی ئەیلول بوە، بنكە تەندروستییەكەیان لە گوندی (سەردراف)ی نزیك سەرسەنگ و تافگەی ئاشاوا بوە (چەلەبی،2023، 87).

لەكاتی كودەتاكەی 8 شوباتی 1963 كوردانی فەیلی لەبەر ئەو هۆیانەی لەسەرەوە باسكراون، هاوسۆز بون لەگەڵ قاسم، قوتابییەكی كورد لە بەغدا لە یادداشتەكانی باس لەوە دەكات شیوعییەكان لە گەڕەكەكانی بابو ئەلشەیخ و شەقامی كیفاح و شاری سەورە (زۆرینەی زۆری دانیشتوانی كوردانی فەیلی بون) (دیدەنی لەگەڵ بەڕێز زەید مەحمود عەلی هەولێر11 شوبات 2023) [12] و شەقامی نیزال، خۆنیشاندانی گەورەیان ڕێكخستوە، قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیێنراوە، زۆرێك لە خۆنیشاندەرەكان كوژراون ڕۆژەكەشی وەك **" ناخۆشترین ڕۆژ "** وێناكردوە (ئەلقازی،2012، 49) تەنانەت باس لەوەش دەكرێت كوردانی فەیلی سێ ڕۆژ بەرگرییان لەبەرامبەر كودەتاچییەكان كردوە و قوربانی زۆریان داوە (دیدەنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز حەسەن حسێن كاكی زائیر) زیاد لە 600 كەسیش لەدانیشتوانی گەڕەكی كوردەكان لە ڕوبەڕبونەوەكان ناوچون (الفيلي،202،2012)، ئەمەش لە ئەدەبیات و مێژوی كوردانی فەیلی وەك داستانێك بە ناوی داستانی (عگد الاكراد-گەڕەكی كوردان) ئاماژەی بۆدەكرێ (دیدەنی لەگەڵ بەڕێز حەسەن حوسێن كاكی زائیر (دیدەنی لەگەڵ بەڕێز نەجم عبد مراد ناسراو بە ئەبو شیرین، هەولێر 25 تشرینی دوەم 2023)[13].

قوتابیانی فەیلی لە دەرەوەی وڵات، لە چوار چێوەی ڕێكخراوی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان[14]، پاڵپشتی شۆڕشی ئەیلولیان كردوە، بەگوتەی یاداشتنوسێكی چالاك و نزیك لەو ڕێكخراوە، فەیلییەكان زۆرترین چالاكییان لە چوارچێوەی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان لە ئەوروپا هەبوە (عەتار،2023، 564) چالاكییەكانی كۆمەڵە تەنیا لە وڵاتانی ئەوروپا قەتیسنەبو، ئەوەتا یەكێك لە قوتابیانی كورد لە توركیا، باس لەوە دەكات لەسەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، لەگەڵ هاوڕێكانی بونەتە ئەندامی كۆمەڵەكە، وەك ئەڵقەی پەیوەندی لەنێوان ئەوروپا و توركیا، لەوێشەوە بۆ ناوچە ئازادكراوەكانی كوردستان دەستبەكاردەبن، لەوانەش ڕۆڵیان دەبێت لە گەیاندنی ڕۆژنامەنوسە بیانییەكان بۆ ناوچە ئازادكراوەكان، و گواستنەوەی پارچەكانی یەكەم ڕادیۆی شۆڕش لە ئەستەمبوڵەوە بۆ كوردستان، بەڵام لە حوزیرانی1963 هەشت لەو قوتابییە كوردانە لەلایەن كاربەدەستانی توركی لە ئەسەتەمبوڵ دەستگیردەكرێن، فواد لەفتە فەیلی یەكێك لە دەستگیر كراوەكان بوە (عەلەمدار، 2021، 42-44 ).

دوای دەستبەكاربونی حكومەتی نوێ بەڕێبەرایەتی پارتی بەعس لە 8شوباتی 1963، بەمەبەستی چارەسەركردنی كێشەی نێوان حكومەتی عێراق وسەركردایەتی شۆڕشی كوردی كەوتنە دانوستان، بۆ ئەم مەبەستە لەیەكەم هەنگاودا لە 7 ئازاری 1963 شاندێكی حكومەتی عێراق سەردانی ناوچەكانی ڕانیە و چوارقورنەیان كردوە، لەبەرامبەردا لە 18 ئازاری 1963 لە كۆبونەێكی جەماوەری فراوان، بەمەبەستی درێژەدان بە گفتوگۆكان بڕیاری ناردنی شاندێكی 14 كەسی بۆ بەغدا دەدرێت، لە ناو شاندەكە ناوی هەریەك لە حەبیب محەمەد كەریم، یەدوڵلا فەیلی وعبدولحوسێن فەیلی بەدیدەكرێن (ڕەشید، 2019،ب،236،1-269). دوای بەڕێوەچونی چەند دانیشتنێك بەهۆی نەهاتنە پێشەوەی دەسەڵاتی نوێ بۆ داواكارییەكانی شۆڕشی كوردی، گفتوگۆكان بەبنبەست گەیشتون، شاندی كوردیش زیندانی دەكرێن ڕوبەڕوی ئەشكەنجە بونەتەوە تا لە شوباتی 1964 ئازاددەكرێن(البارزاني، 2002، 83-91 ).

دوای ئەوە پارتی بەعس دەستی بە هەڵمەتێكی گرتن وڕاودونانی چالاكوانانی شاری سلێمانی كرد، كامیل بەسیر[15] دەكەوێتە بەر ئەم هەڵمەتە، لە زیندانی (قصر النهاية) لەبەغدا زیندانی دەكرێ (سەعید، 2009، 192) لە نامەێك كە ڕێكەوتی 10 ئازاری 1964

بەسەرەوەیە، جەلال تاڵەبانی بۆ پارێزگاری سلێمانی (عبدوالرەزاق مەحمود)ی ناردوە هێمای بۆ ئەوە کردوە، بەسیرِ نابینایە، و بەخێوکەری خێزانە، ماوێکی زۆرە بە تۆمەتی پاڵپشتی شۆڕشی کوردی، و لایەنگیری پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگیراوە، بۆیە داوایکردوە یارمەتیبدریٚ و دەستبەجیٚ ئازادبکریٚ [١٦]، بە ئاماژەی درەخشانی شێخ جەلال لە یادداشتەکانی، دەبێت بەسیرِ بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچوبێت، لەبەرئەوەی جەختە لەوە دەکاتەوە ئەو ڕۆژەی دەبوایە بەسیرِ لە سێدارەبدرێت، چاویان بەستۆتەوە **"بەرەو مەیدنی ڕەمی براوە "** دواتر بە هۆی ڕوداوەکانی18 تشرینی دوەمی1963 و دورخستنەوەی پارتی بەعس لە دەسەلات بڕیارەکە جێبەجێنەکراوە (حەفید زادە،2010، 79-80) بەڵام یەکێك لە بەندییەکان کە لەیەك ژور گیراوە لەگەڵ کامیل بەسیرِ، ئەم زانیاریە ڕەتدەکاتەوە، لەگەڵ ئاماژەی ئەوەی ئەشکەنجەی زۆر دراون بەتایبەتی لە کاتی شەودا، جەختیش لەوە دەکاتەوە عبدوالڕەزاق فەیلیش لەگەڵیان زیندانی بوە، چوار پێنج مانگ دوای ڕوداوەکانی18 تشرینی دوەمی 1963 ئازادکراون (دیدەنی لەگەڵ بەرێز عبدولەتیف عەبدولمەجید محەمەد بەگ گلی، هەولێر،5 شوباتی 2023)[١٧] دوای لێکترازنەکەی ساڵی 1964 (بۆپتر زانیاری دەربارەی لێکترازانە بڕوانە : ادامسن،2012، 33-314) کامیل بەسیرِ لە کاری سیاسی دورکەوتۆتەوە (دیدەنی لەگەڵ بەرێز گیان کامیل بەسیرِ، هەولێر 22 کانونی دوەم 2023)[١٨].

## 2- کوردانی فەیلی و لێکترازانەکەی 1964

### أ- لێکترازانەکەی1964

پاش قوڵبونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان مستەفا بارزانی وبەرەی بەرامبەر کە دوای لێکترازانەکە بە بەرەی مەکتەبی سیاسی دەناسرێن، پێدەچێت فەیلییەکان لەلایەن هەردولاوە قبوڵکراوبوبن، هەر بۆیەش ماوەیێك بەر لەتەقینەوەی یەکجاری ناکۆکییەکانی نێوان هەردولا، پێشنیاری پێکهێنانی کۆمیتەیەکی بێلایەنکراوە بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردن لە کۆنگرەی حیزب، لە لیستی ئەندامانی کۆمیتە، ناوی هەریەك لەحەبیب محەمەد کەریم، یەدوڵلا فەیلی بەدیدەکرێن، بەڵام پێشنیارەکە پشتگوێخراوە (ڕەشید،2019،ب،1، 281-282).

لەکۆنفراسی باڵی مەکتەبی سیاسی لەماوەت لە 4 نیسانی1964، بە زۆرینەی دەنگ دەسەلاتەکان لە مستەفا بارزانی دەسەنرێنەوە، بەگوتەی جەلال تاڵەبانی هەریەك لە حەبیب محەمەد کەریم، یەدوڵلا فەیلی وعەلی سنجاریش کە دواتر گەڕانەوە لای باڵی بارزانی، دەنگیان بە لێسەندنەوە داوە (ڕەشید، 2019،ب،1،296) لەلایەنی خۆیەوە ئیبراهیم ئەحمەد باس لەوە دەکات لە دوای گرێدانی کۆنفراس، حەبیب محەمەد کەریمیان وەك ناوبژیکارێك بانگهێشتی کۆبونەوەیەکی باڵی مەکتەبی سیاسی کردوە، لەکاتێکدا حەبیب لەناو ناکۆکییەکان نەبوە، بەشێکیش نەبوە لێی (عەزیز، 2002، 46).

لەبەرامبەر کۆنفراسی باڵی مەکتەبی سیاسی لەماوەت، لە 1 تەموزی 1964، باڵی بارزانی کۆنگرەیەك لە قەڵادزیٚ دەبەستن، حەبیب محەمەد کەریم وەك سکرتێری پارتی دەستنیشاندەکرێت (مەلا قادر،2014، 104) ئەگەرچی فەیلییەکان نارەحەتبون بەم کەرتکارییە، پێیانوابوە لە زیانی گەلی کورد وجوڵانەوەکەیەتی (دەق چاوپێکەوتنی بڵاونەکراوەی بەرێز فواد ڕەوەند...) بە بەڵگەی ئەوەی وەك کەمال محیەدین لە یادداشتەکانی هێمای بۆ دەکات لەدوای ڕێکەوتنی11 ئازار1970 حەبیبی دیوە، ناوبراو دڵخۆش بوە بەبڕیاری مستەفا بارزانی، بەگێڕانەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی بۆ ناو پارتی (محەمەدئەمین، 2021، 55) ئەگەرچی بەدورنازانرێت حەبیب شیمانەی ئەوەشی کردبیٚ، بەگەڕانەوەی ئەوان پۆستی سکرتێری لەدەستبدات، بەڵام لەوانەیە پرسی یەکخستنی توانا و وزەی کوردی لەم قۆناغە هەستیارەی بەلاوە گرینگتربوبێت.

بەوردبونەوە لە یادداشت و بیرەورییەکان، و سەرچاوەکانیتریش، دو بۆچونی جیاواز لەسەردەستنیشانکردنی حەبیب محەمەد کەریم، وەك سکرتێری پارتی تێبینی دەکەین، ڕایێك لەگەڵ ئەوەدایە حەبیب کەسایەتێکی قبوڵکراو ڕێزلێگیراوبوە لەلای بارزانی، بۆیەش لەدەمی بەستنی کۆنگری قەڵادزیٚ، ئەگەرچی بەهۆی ناتەواوی تەندروستی ئامادەی کۆنگرە نابێت، بەڵام دەنگی یەکەمی کۆنگرە مسۆگەر دەکات، دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، هاوکات وەك سکرتێری حیزبیش دەستنیشاندەکرێت (مەلا قادر،2014، 104) لەبەرامبەر ئەم ڕایە، بۆچونێکی پێچەوانەش هەیە، لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی جەخت لەوە دەکاتەوە، حەبیب زۆر دژی مستەفا بارزانی بوە، تەنانەت بەژداری کۆنگرەی قەڵادزێی نەکردوە، بەڵام دواتر لەکاردانەوەی بڕینی موچەکەی، لەلایەن عەبدوڕەحمان زەبیحی، لێپرسراوی دارایی حیزب، دوایتە پاڵ بارزانی (ڕەشید، 2019،ب،1،298) موحسین دزەیی لە یادداشتەکانی نایشارێتەوە، خۆی و زۆرێك لە

ئەندامانیتری پارتیش لەوانەش حەبیب، هاوسۆزبون لەگەڵ باڵی جیابۆوە، دزەیی هۆکاری ئەم هاوسۆزیەش بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە زۆربەی جیابوەکان دۆست وهاوڕێ بون، پەیوەندی لەگەڵیان دەگەڕایەوە بۆ کۆتایی چلەکانی سەدەی ڕابردو، بەگوێرەی ڕای ئەویش، مستەفا بارزانیش بەم هاوسۆزیەی ئەوانی زانیبو، دزەیی بەناویش ناوی حەبیب محمد کەریمی هێناوە، هاوسۆز بوە لەگەڵ باڵی جیابۆوە، بارزانی هۆکاری ئەم هاوسۆزیەشی زانیوە، ڕێزی لەویستی هەریەك لە حەبیب و دزەیش گرتوە، بەڕای دزەیی ئەم هاوسۆزیەیان تاوەکو 1966 بەردەوام بوە، کاتێك باڵی جیابۆوە لە سەرەتاکانی ئەو ساڵە دەچنە پاڵ حکومەتی عێراق (دزەیی،ج 2،2002، 85) سەرچاوەیکی تر حەبیب وەك **"سکرتێری چاوەڕواننەکراو"** وەسفدەکات، بە ڕای ئەو، ناوبراو ڕۆژێك لە ڕۆژان چاوەڕوانی ئەوە نەبوە بکرێتە سکرتێر، لەکاتی دەستنیشانکردنیشی۔ لە تاران بوە، ئەم سەرچاوەیە وای بۆچوە، هەڵسوکەوتەکانی بارزانی حەبیبیان بێزارکردوە، بۆیەش خۆی لەبەرەی نەیارانی ئەودا دیوە، بەڕای ئەویش، حەبیب و ئەندامانیترلە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی، لە دۆخێکی چاك فریای بارزانی کەوتون، لەکاتێکدا باڵی جیابۆوە لە کۆنفراسی ماوەت لە سەرۆکایەتیان دورخستۆتەوە، ئەوان شەرعیەتییان بۆ بارزانی گێڕاوەتەوە، لەسەردەمی ئەوانیش پارتی زێرینترین قۆناغەکانی بەڕێکردوە، جیا لەوەش حەبیب هیچ کێشەیەکی لەگەڵ بارزانی و کوڕەکانیشدا نەبوە، لە قسەشیان دەرنەچوە، ئەمەش نهێنی مانەوەی زیاتری حەبیب بو لە پۆستەکەی کە 11 ساڵ بوە، لە هەردو سکرتێرەکەی پێشوی پارتی، کە لە نێوان1946- 1964 لەم پۆستە بون (گۆڤاری لفین1 تەموزی 2008، ژ (70) ساڵی شەشەم،31-32) بەگوێرەی گێڕانەوەیکی ئۆمەری دزەیی لە زاری کەمال محیەدین دەگوازێتەوە، حەبیب هەتا کۆنفراسی ماوەتیش لە 4 نیسانی 1964 هەر لەگەڵ باڵی جیابۆوە بوە، وەك دوا هەوڵیش، ڕەوانی لای بارزانی دەکەن بۆ دانوستان بەڵام بارزانی حەبیبی لای خۆی هێشتۆتەوە و پێیگوتوە **"مەگەڕێوە بۆ لای ئەو جاسوس و خائینانە من لە جێی برایم ئەحمەد ئەتکەم بە سکرتێری پارتی"**(دزەیی، ب2، 2021، 244) جەرجیس فتحوڵلا، وەك خۆی ئاماژەی بۆ دەکات، پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ حەبیبدا هەبوە، وای بۆچوە ناوبراو لەکاتی تەقینەوەی ناکۆکییەکان، لەگەڵ یەدوڵلا فەیلی لە لقی پێنجی بەغدا کاریانکردوە، هێشتا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیش نەبوە، بارزانی داوای لە حەبیب کردوە بەغدا جێبهێڵێت بێتە ناوچەکانی ژێر دەستی شۆڕش، بەوتەی ناوبراو، بارزانی وەك کاردانەوەیەك لە دژی باڵی جیابۆوە حەبیبی کردوە بە سکرتێر بۆ ئەوەی**" سەریان پێشۆڕ بکا و قسەیان بۆ نەمێنێتەوە واتە: تا پێیان بڵێ، من ئەم پیاوەم هێنا، کە ئەندامی کۆمیتەی پشکنین بو، کردم بە سکرتێری پارتیی"** فەتحوڵلا وای بۆچوە، حەبیب لە پۆستەکەیدا هەمیشە هەستی بەلاوازی خۆی کردوە، چونکە ئەو زیاتر حەزی بە مانەوە کردوە لە بەغدا، بەهۆی پۆستی سکرتێری، ژیانی ئەو شارەی لە کیس چو بو، بۆیە دڵتەنگ و بێتاقەت بوە، چونکە بەگوتەی ئەو، حەبیب کەسێکی" **شاریبو، حەزی بەخواردنەوە، دانیشتن و ڕابواردن دەکرد. تەنانەت زۆرجار، بە من و هێندێ کەسی دیکەشی دەگوت: منیان بە سوخرە گرتوە و بە زۆر هێناویانم"**(عەزیز،2002، 69).

بەڕای ئێمەش وەك لە ڕای زۆرێك لە هاوسەردەمەکانیشی۔ دەردەکەوی تا دوای کۆنفڕاسی ماوەتیش حەبیب بەلای مەکتەبی سیاسیدا شکاوەتەوە، لەو نامەی لە 11 مایسی۔ 1964 لە بەغداوە بۆ هاوڕێکی خۆی لە دەرەوەی وڵاتی ناردوە، بەڕونی دەردەکەوێت ناوبراو وەك ئەندام و لایەنگیری باڵی جیابۆوەی مەکتەبی سیاسی دەرکەوتوە، گلەیی و ڕەخنەی زۆریشی۔ لە بارزانی هەبوە، لەهێرشکردنە سەر بارەگاکانی حیزب و گرتن و چەککردنی کادیرە دیارەکانی باڵی مەکتەبی، ئەوەشی خستۆتەڕو، لەگەڵ هاوکارانی لە لیژنەی چاودێری و پشکنین لە هەوڵی ئەوەدابون هەردو باڵی ناکۆك بخەنە سەر ئەو ڕایەی لە سەرجەم لقەکانی حیزب هەڵبژاردنی لیژنە ناوخۆییەکان ئەنجام بدەن بۆ دیاریکردنی نوێنەر بۆ کۆنگرەی گشتی حیزب، هەردولاش لەسەری ڕێکەوتون، بڕواشی وابوە بارزانی پابەندی ڕێکەوتنەکە نابێت (شریف، 1978، 79-381) [١٩]. بەڵام وەك دواتر دەرکەوتوە ناوبراو هەلی ئەوەشی لەدەستنەداوە پۆستێکی باڵای وەك سکرتێری پارتی لە دەستبدات، لەلایەکیتر بەدورنازانین دەستنیشانکردنیشی۔ لەلایەن بارزانییەوە بۆ ئەم پۆستە بە کۆمەڵێك ئامانج بوبێت، لە پێشی۔ هەمویانەوە بەهۆی بەرهەڵستی دەسەڵاتەکەی، لەلایەن هەردو سکرتێری پێشو حەمزە عبدوڵلا و ئیبراهیم ئەحمەد، بارزانی نارحەتی زۆری دیوە، درکی بەوەش کردوە، حەبیب کەسێکی بێ کێشە وگوێڕایەڵ دەبێت بۆ بڕیارەکانی حیزب، ئەوەتا یادداشتنوسێك ئاماژە بەوە دەکات ماوەی دە ساڵی تەواو**"بەبێ ئەوەی ناوچەوانی گرژ بکات"**حەبیب جەختی لەوە کردۆتەوە و گوتویەتی **"پێویست ناکات بیربکەینەوە مادام بارزانی هەیە، بارزانی لەجیاتی هەمومان بیر دەکاتەوە"**(بامەڕنی،2022، 77-78) جیا لەوەش خاوەن هەزمون و

بنکەی جەماوەری فراوانیش نەبوە لەناو حیزب، بەتایبەتی گەر بزانین سـنوری کاری سـیاسی ئەو تا ئەوکاتیش لقی پێنجی پارتی لە بەغدا ڕەتنەدابو، لەسەرێکی دی دەستنیشانکردنی پەیامێك بو بۆ باڵی مەکتەبی سیاسی و خودی ئیبراهیم ئەحمەد، کەسێکی لە شوێن دادەنرێت زۆر ناسراو نییە لەناو بنکەی جەماوەری پارتی، شـیمانەی ئەوەش دەکەین بارزانی ویسـتبێتی بە دەسـتنیشـانکردنی حەبیب، زیاتر فەیلییەکان لە دەوری پارتی گردبکاتەوە، بەتایبەتی لە ماوەکانی ڕابردو فەیلییەکان نەخاسما لە شاری بەغدا کاریگەری خۆیان سەلماندبو. مەحمود عوسمانیش دەستنیشانکردنی حەبیب دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی ناوبراو سۆرانی و بادینی نەبوە، چونکە دیارە جۆرێك لە هەستیاری لەسەر ئەم بابەتە هەبوە، بەتایبەتی ئەگەر بزانین زۆرینەی زۆری باڵی مەکتەبی سیاسی سۆرانی بون، لەلایەنی بەرامبەریش لەسەر بادینی هەژمارکرابون (دیدەنی لەگەڵ بەڕێز مەحمود عوسمان، هەولێر 5 شوبات2023) [20].

**ب- پەرەسەندنی بارودۆخ دوای لێکترازانە**

لەدوای لێکترازکە بەشێك لە کوردانی فەیلی لە ڕێزەکانی بەرەی بارزانی درێژەیان بە کاری سیاسی داوە، بۆ نمونە یەکێك لە قوتابییە کوردانەی بۆ خوێندن ڕویان لە لەندەن کردوە، هێمای بۆ ئەوە کردوە، لە ساڵی 1965 بۆتە ئەندامی پارتی، بەرپرسی ڕێکخستنەکانی ئەو شارە هادی ڕەحمانی فەیلی، برای حەبیب محەمەد کەریم بوە، هەرچەندە دان بەوەدا دەنێی کاریگەری ئەم لێکترازانە ڕیزەکانی قوتابیان و ڕێکخستنە حیزبیەکانیشی گرتۆتەوە، بەجۆرێك ژمارەیان کەمبۆتەوە، بەڵام ئەم بارودۆخە ساردی نەکردونەتەوە، بەڵکو هانیداون زیاتر بکەونە جموجۆڵ و چالاکی، بۆ خزمەتکردن بە پرسی کوردی، بۆ ئەم مەبەستەش کەناڵ و ڕێگای جیاوازیان گرتۆتەبەر، لە نێو ئەو کوردە فەیلیانەی لەم وڵاتە درێژەیان بەکاری سیاسی خۆیانداوە، ناوی هەریەك هادی ڕەحمانی و غولام فەرج جومعە فەیلی بەدیدەکرێن (عەدۆ،ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە(3963)21 تشرینی دوەم 2032) بەتایبەتی ئەوەی دوەمیان، زۆر چالاك بوە لە هەمو کۆبونەوە وچالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکاران لەئەوروپا ئامادەگی هەبوە، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوە یادداشتنوسێکی نزیك لێی **"وەك باڵیۆزخانەی کوردی"** لە دەرەوەی کوردستان ناساندویەتی(عەتار،2023، 565)

دوای دەستبەکاربونی عبدولڕەحمان بەزاز(1913-1973) لە13 نیسانی 1966 وەك سەرۆکی حکومەت، بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە ناکۆکییەکان لەگەڵ سەرکردایەتی شۆرش دەکەوێتە گفتوگۆ، دو ڕۆژ دوای سەردانی شاندێکی حکومەتی عێراق لە20 حوزیرانی 1966 بۆ گوندی خەلان، شـاندێکی کوردی بە سـەرۆکایەتی حەبیب محمد کەریم وەك سـکرتێری حیزب سـەردانی بەغدا دەکەن، لە ئەنجامدا دەرچونی بەیانی 29حوزیرانی سـاڵی 1966 لێدەکەوێتەوە (دزەیی، ب2021،2 ،129-131) بەڵام بەگێڕانەوەی حلمی عەلی شـەریف بەیانەکە دەرئەنجامی کۆبونەوەی نهێنی خۆی وبەزازە، چونکە هاوتەریب لەگەڵ گفتوگۆکانی بەرەی بارزانی لەگەڵ حکومەت، شـەریف وەك نوێنەری باڵی مەکتەبی سـیاسی، بەدو قۆڵی لەماڵی بەزاز لەگەڕەکی ئەعزەمییەی بەغدا گفتوگۆیان کردوە، وگەیشـتونەتە ڕێکەوتن، بەڵام هەردولا کۆك بون لە سـەر نیشـاندانی ڕێکەوتنەکە، بە بارزانی، بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی لە سـەری، بۆیە بارزانی بەپەلە حەبیی ڕەوانەی بەغدا کردوە، بۆ مۆرکردنی بەیانەکە، دواتر شـەریف، لە بەزازی پرسـیوە ڕای حەبیب لەسـەر ڕێکەوتنەکە چی بوە؟ لە وەڵامدا بەزار گوتویەتی حەبیب **" تەنیا بڕگەیەکی بەیاننامەکەی گۆڕی ئەویش بریتی بو لە (تسلم الاسلحة) بکرێت بە(اعادة الاسلحة"(** شەریف، بێ ساڵ وشوێنی چاپ،35-37).

## دوەم: کوردانی فەیلی و لێکترازانەکەی عەزیز ئەلحاج 17 ئەیلولی 1967- 3 نیسانی 1969

### 1- لێکترازانەکەی عزیز الحاج و ڕاگەیاندنی باڵی سەرکردایەتی ناوەند.

لە 17 ئەیلولی1967 باڵێکی گەورەی حیزبی شیوعی بەسەرۆکایەتی عەزیز ئەلحاج لەحیزب جیادەبنەوە، ئەلحاج هێما بەوە دەکات خۆیان ناوی جوڵانەوەکەیان نابو **" پاکردنەوەی حیزب"** لایەنی بەرامبەریش وەك (جیابۆوە) ناویبردون، دواتر وەك سەرکردایەتی ناوەند خۆیان دەناسێنن (الحاج،2001، 209- 213) (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هۆکاری لێکترازانەکە بگەڕێوە بۆ: القیسی،2014، 157- 163) دوای لێکترازانەکە زۆرێك لە لاوانی فەیلی بەتایبەتی خوێندەوارەکانیان داویانەتە پاڵ کۆمەڵەکەی ئەلحاج (اسکندر،2004، 71) بەم شێوەیە حیزبی شیوعی دابەشی سەر دو کۆمەڵە دەبێت، کۆمەڵەی یەکەم لێژنەی ناوەندی بو، بە سەرۆکایەتی عەزیز محەمەد، پێڕەویان

لەبیر و بەرنامەی حیزبی شیوعی سۆفیەتی و تێزەکانی مارکس ولینین کردوە، هەر بۆیەش سەرچاوەیەك کۆمەڵەکەی عەزیز محەمەدی وەك **"باڵە سۆڤێتیەکە"** ناساندوە(حامید،2020، 180) کۆمەڵەی دوەم، بەڕێبەرایەتی عەزیز ئەلحاج پیادەی پرۆگرامەکانی حیزبی شیوعی چینی، و تێزەکانی ماوتیستۆنگیان کردبو، وەك ڕەخنەیەکش لایەنی بەرامبەریان وەك ئاراستەیێکی ڕاسترەو ناساندبو، لەکاتێکدا عەزیز محەمەد وای بۆچوە، کۆمەڵەی ئەلحاج هەڵوێستی زۆر توندی ڕاسترەوانەیان لە هەندێك باردا وەرگرتوە (القیسی،2015، 56-57).

کەریم ئەحمەد لەیادداشتەکانی باس لەوە دەکات لەکانونی یەکەمی1967 لێژنەی ناوەندی بەمەبەستی لێکۆڵینەوەکردن لە بارودۆخی ناوخۆیی و کارکردن بۆ گرێدانی کۆنفراسێکی گشتی، بابەتی وەرگرتنی عەزیز ئەلحاج وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆبونەتەوە، ناوبراو لە ڕاپۆرتێکی تێر وتەسەل ئامادەبوان لە جموجۆڵ وباڵباڵێنیەکانی ئەلحاج کە هەندێك لە ئەندامانی لێژنەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی پاڵپشتی ناوبراویان کردوە، لە مەترسی کەرتبونی حیزب بێدار دەکاتەوە، بەڵام بەگوێرەی ڕای ئەو، لێژنەی ناوەندی ڕاپۆرتەکە پێشگوێ دەخەن، ئەلحاجیش وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی قبوڵدەکەن، سەرپەرشتی کاروبارەکانی لێژنەی بەغدای پێدەسپێرن، ئەم دەستنیشانکردنە پەندێکی کوردی بەبیردەهێنێتەوە کە گوتراوە **"بەزیان بە پشیلە سپاردوە"** (المسیرة،2006، 189).

لە 12 ئەیلولی 1967 بۆ دەستگیرکردنی زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە شاری بەغدا، هەندێك چەکداری کۆمەڵەکەی ئەلحاج خۆیان لەبەرگی پۆلیس نیشانداوە، بەڵام جگە لە بەهادین نوری و زەکی خەیری ناتوانن کەسیتر دەستگیربکەن (مەلا مستەفا، ب2017،1 ،178) دوای دەستگیر کردنی بەهادین نوری ڕوبەڕوی عەزیز ئەلحاجیان کردۆتەوە ناوبراو بە **" دەنگێکی لە خۆبایی منداڵانە"** بە بەهادینی ڕاگەیاندوە، ئەوان هەمو ئەندامانی سەرکردایەتی ناوەندیان دەستگیرکردوە، دواتر بەهادین توانیویەتی خۆی دەرباز بکات(نوري،1995، 273- 278).

دەربارەی کاریگەریگەکانی ئەم کەرت بونە عەزیز محەمەد باس لەوەدا دەکات، بەدرێژایی مێژو حیزبی شیوعی دوچاری ڕاچڵەکینی توند بوە، هەر لە ڕاودونان، زیندان وکوژرانی سەرکردەکانی، بەڵام ئەم کارەی ئەلحاج لەتبونێکی ئاسایی نەبو، چاوپۆشی لێبکرێت، چونکە کەرتبونەکە لەسەردەستی بەرپرسی ڕێکخستنەکانی بەغدای حیزب و یەکێك لە ناسراوترین و لێهاتوترین سەرکردەکانی حیزب بوە، بەڵام لە هەموشیان زیاتر تەموحتربوە، واش دادەنرێ هەوڵی لەتبونەکەی تەنها **"جوڵانەوەێکی ڕاستکرنەوە بوە بۆ ڕزگارکردنی حیزب لە سەرکردە ڕاسترەوەکانی کە بڕوایان بەکاری شۆڕگێری نەبوە"** (القیسی،2015، 54- 55). کادیرێکی دیاری حیزبی شیوعی لەسلێمانی کەرتبونەکەی وەك گرنگترین ڕوداوی سیاسی ساڵی1967 لە عێراق زانیوە(حامید،2020، 97) ئەحمەد بانیخێلانی وای بۆچوە، هیچ کام لەجیابونەکانی تر **"وەك ئەوەی ساڵی 1967 گەورەو وفراوان وکاولکارنە نەبون... گەورەترین ئازاری حیزبیان دا"** پێشیوابوە ئەم کەرتبونە زیاتر کاردانەوە بوە بەرامبەر ئەم ڕێبازە ڕاسترەوەی لەساڵی1964 بەناوی (هێڵی ئاب)، سەریهەڵدابو (بۆ پتر زانیاری لەسەر ئەم هێڵە بگەڕێوە بۆ: عجینە "2009،77-80)، بەگوێرەی ڕای بانیخێلانی، دو لە سەر سێی ڕێکخراوەکانی حیزب لەبەغدا وهەولێر، لە سلێمانی کەرکوکیش خەڵکی زۆریان شوێنکەوتوە، بەڵام هێزی چەکداری حیزبیان زۆریان لەگەڵ نەبوە (بانیخێلانی،2014، 264) چەندین ڕێکخراوی گەورە لەشارەکانی بەسرەو وکوت پەیوەندییان بە ئەلحاج کردوە (مەلا مستەفا، ب2017،1-182) ئەحمەد دڵزاریش ئاماژەی بەوەداوە ئەوان لە کۆبونەوەیێکی لێژنەی حیزب لە کۆیە دژی کەرتکاریەکە وەستاونەتەوە، ڕیسواشیان کردوە، بەپێچەوانەی ڕای ئەوانی تر، دڵزار وای بۆچوە لەهەولێر تەنیا یەك کادیر پەیوەندی بەکەرتکەران کردوە (دڵزار،ب3، 1994، 104) لە سلێمانیش کادیرانی حیزب بەزویی پشتگیری خۆیان بۆ باڵەکەی ئەلحاج دەربڕیوە (فەتاح، 2008، 48) بەڵام دواتر هەندێك لە کادیرانی شارەکە دەستبەکاربون بۆ دژایەتیکردنی کۆمەڵەکەی ئەلحاج، و گێڕانەوەی ئەندامان، و ڕێکخراوەکان بۆ ڕیزەکانی حیزب (دەباغ،2022، 77) بەگوتەی نائیب عبدوڵلا ئەم کەرتکارییە ماوەی ساڵێك بوە ڕێگای ئەنجامدانی بۆخۆشکرابو، کەرتکاران بە ئاشکرا جموجۆڵیان دژی سەرکردەکانی حیزب کردوە، بە پێچەوانەی ڕای جەلال دەباغ، ئەو پێیوابوە حیزب لەسلێمانی و بەغداش، بە جدی ڕوبەڕوی ئەم کارتکاریە نەوەستاوەنەتەوە ئەوەی کاری کەرتکەرەکانیشی ئاسانتر کردبو نارازی زۆربەی کادیرەکانی حیزب بوە لە خودی حیزبەکە (عبدالله،ب1، 1996، 195-196).(بۆ زیاتر زانیاری لەسەر پرسیار و نارەزاییەکانی کادیران و بنکە جەماوەری حیزب بڕوانە: مام قادر،2012، 123-124) تۆما تۆماس وای بۆچوە کەرتبونەکەی عەزیز ئەلحاج زیانی یەکجار زۆری بەحیزبی شیوعی گەیاندوە، بەم هۆیەوەش بە سەدها لەباشترین کادیرانی لەدەستداوە، ئەمە لە کاتێکدا بوە بە گوێرەی

ڕای ئەو، حیزبی شیوعی هێزێکی دیاری گۆڕەپانی سیاسی عێراق بوە کە هەڕەشە بوە بۆ سەر دەسەڵاتی عبدولرەحمان عارف، هەروەها ڕێکخراوە پیشەییەکانیشی زۆر چالاك بون (تۆماس،2017، 99) بەتایبەتی قوتابیان و پارێزەران، لەو ماوەیەدا لە هەڵبژاردنەکان لە پێشەوەی زۆرێك لە لیستەکانەوە بون (الطالباني،2023، 314-315) هۆکاری دەنگدانەوەی گەورەی کەرتبونەکە و شوێنکەوتنی ئەلحاج بەم ژمارە زۆرە لەکوردستان، لەدیدی شەوکەت خەزنەدار، بۆ ئەوە دەگەڕایەوە ناوچەکانی کوردستان جوڵانەوەێکی چەکداری و بنکەیەکی گەورە و فراوانی حیزبی شیوعی بوە، ئەوانیش بەگشتی لەسیاسەتی حیزب بێزاربون کە جەختی لەخەباتی ئاشتیانە دەکردەوە، لە دیدی ناوبراویشدا هۆکاری هاتە پاڵی کادیران بۆ کۆمەڵەکەی ئەلحاج هزری نەبوە، بەڵکو نەمانی متمانە بوە بەسەرکردایەتی ڕاسترەوەکان (وەرگیراوە لە: القيسي،2022، 243) بەگوێرەی بۆچونی عەزیز محەمەد کە زۆر لە ئەلحاج نزیك بوە ماوەێکیش بەیەکەوە زیندانی کراون، وای دیوە ئەلحاج ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوە، لەوانەیە ڕازی نەبوبێ بەم بارودۆخەی حیزبی تێکەوتبو، ئەلحاج هۆکاری سەرەکی ئەم لەتبونەش نەبوە، بەڵکو هەندێك لە ئەندامانی ڕێکخراوی بەغدای حیزب کە ئەلحاج سەرۆکیان بوە هانیانداوە بۆ ئەم لەتبونە، دوای جیابونەوەکەشیان ڕاستەوخۆ بڕیاری خەباتی چەکداریان داوە لە ناوچە زۆنگاوەکان، لەکاتێکدا ئەوان شارەزای ڕێگاکانی ناوچە نەبون، هەر بۆیەش لەلایەن هێزەکانی حکومەتی عێراقی گەمارۆدراون و هەندێکیان **"شەهید وهەندێکیان گیراون"** لەگەڵ ئاماژەی ئەوەی ئەو جیاوازی لەگەڵ کۆمەڵەکەی ئەلحاج هەبوە بەڵام دەڵێ: **"هیچ کەس گومانی لەپاکی و خەباتی ئەوان نەبوە"**(القيسي،2015، 55-56).

بەخوێندنەوەی هەندێك لەیادداشت و بیرەوەرییەکانی کوردانی باشور پێناچێت کۆمەڵەکەی ئەلحاج بۆ زیاتر دەرکەوتنیان لەسەر گۆڕپانەکەو گەیشتن بە ئامانجەکانیان، سڵیان لەئەنجامدانی هیچ کارێك کردبێتەوە، بۆ نمونە شەکیب عەقراوی باس لەوە دەکات کادیرانی ئەلحاج پەنایان بردۆتەبەر تەقاندنەوی بۆمب لە دامودەزگاکانی حکومەت لەشاری بەغدا (عقراوی،2007، 227) بەڵام ئەم زانیاریە تەنیا ئەم یادداشتنوسە باسی کردوە، لەهیچ سەرچاوەێکی جەختی لێنەکراوەتەوە، هەروەها کادیرێکی دیار و چالاکی کۆمەڵەکەی ئەلحاج لەسلێمانی باس لەوە دەکات، چەند ئەندامێکیان لەکاتی گواستنەوەی موچەی مامۆستایانی سلێمانی لەبانقەوە بۆ بەڕێوبەرایەتی پەروەردە، لەبەردەم مزگەوتی گەورەی شار، هێرش دەکەنە سەر ئۆتۆمبێلەکە، دەستدەگرن بەسەریدا، دەگوترا دوازدە هەزار دینار بوە، لەمەڕ چارەنوسی پارەکەش دەنوسێت**" بێجگە لە خواو خۆیان کەس نازانێت چییان لێ‌کرد و دایان بە چی"**(حامید،2020، 135-137). بەڵام حوسێن عارف کە ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی ئەلحاح بوە لەسلێمانی لە یادداشتەکانی هێمای بۆ ئەوە کردوە کۆمەڵەکەیان بۆ ئەنجامدانی چالاکی سەربازی پێویستیان بە پارەدەبێت بۆ کڕینی چەك، بۆیەش بیر لە ئەنجامدانی ئەم چالاکییە دەکەنەوە، ناوبراو لەبەر ئەوەی خۆی بەشێك بوە لەپلانی ڕفاندنی پارەکە، بۆیە وردەکاریەکەی باس کردوە، ئاماژەی بەوە کردوە بڕی پارەکە خۆی و هاوسەرەکەی ژماردویانە چواردە هەزار دینار و هەندێك وردەبوە، بڕێکی سەرفکراوە بۆ کڕینی چەند دەمانچەێك بڕی حەوت هەزار دیناریشان بۆ ئەنجامدانی چالاکی چەکداری لە هۆرەکانی باشور گەیاندۆتە دەستی ئەلحاج لە شاری بەغدا (عارف،2018، ب1، 68-73) عبدولستار تاهیر شەریفیش یەکێك لە کادیرە پێشکەوتوەکانی بەرەی مەکتەبی سیاسی جیابۆوە لە پارتی، لەشاری کەرکوك باس لەوە دەکات کۆمەڵەکەی ئەلحاج**"زۆر دڕندانە پەلاماری ئەندامان و دۆستانی حیزبمانیان ئەدا"** تەنانەت سڵیان لەکوشتنی پیاوە بەتەمەنەکانیش نەکردۆتەوە (شەریف،ب1، 2005، 116).

**٢ -پەیوەندییەکانی سەرکردایەتی باڵی ناوەند و پارتی دیموکراتی کوردستان**

دەربارەی پەیوەندی کۆمەڵەی ئەلحاج بە ڕوداو پەرەسەندنەکانی کوردستانەوە، زرار دەرگەڵەیی باس لەوە دەکات کاتێك فاخیر مێرگەسوری لە ساڵی 1966 جیابوەوە لە ڕیزەکانی حیزبی شیوعی، لەگەڵ هەندێك لە دابڕاوەکانی حیزب، دەست بەجموجۆڵ دەکات لە ناوچەکانی چۆمان و دەرگەڵەی نزیك ڕەواندز، بەناوی سەرکردایەتی ناوەندی وعەزیز ئەلحاجەوە نامەی بۆ زرار ناردوە ئاماژەی بەوە کردوە لە بەغدا لە **"یەمین دراوەو وتێکدراون و دەستیان بەسەردا گیراوە"** بۆیەش بە پێویستی زانیوە لە کوردستانیش دەست بەسەر بارەگای هەرێمی حیزبدا بگرن، هەرچەندە زرار لەم سەر وبەندەدا لە حیزبی شیوعی دور بوە، لێشان نارازی بوە، بەڵام زۆر بەتوندی وەڵامی نامەکەی ناوبراوی داوەتەوە، ئامادەش نەبوە هیچ هاوکارێکی بکات( دەرگەڵەیی، بێ شوێنی چاپ،430-432).

دەربارەی هەبونی پەیوەندی نێوان کەرتکەران و مستەفا بارزانی، ورۆلی حەبیب محەمەد کەریم لە دروستکردنی ئەم پەیوەندیە، ویارمەتی دانی بارزانی بۆ گروپەکەی ئەلحاج، تێبینی ئەوە دەکرێت ڕا جیایی لە نێو دوتوێی یادداشت ویرەوەریەکان بەرچاو دەکەون، بۆ نمونە جەلال تالەبانی بێ خستنەڕوی هیچ بەلگەیێك هێما بۆ ئەوە دەکات کۆمەڵەی ئەلحاج دژ بە باڵی مەکتەبی سیاسی بون وپشتگیری مستەفا بارزانیان کردوە، بارزانیش تۆمەتبار دەکات بەوەی لەڕێگای حەبیبی خزمی ئەلحاج هانی ئەوەی دوایی داوە بۆ ئەم کارتکاریە، دەربارەی ئامانجی بارزانیش لەم هاندانە دەنوسی: **"بێهێزکردنی حیزبی شیوعیی و کردنیان بە تەیرێکی مەعقول بو، بۆ ئەوەی هەمیشە لە بن دەستی خۆیاندا بن** (رشید،ب1، 2019، 345) عەزیز محەمەد باس لەوە دەکات بەمەبەستی کردنەوەی بەرەیێك لەناوچەکوردییەکان، ئەلحاج پەیوەندی بەبارزانی کردوە، ئاماژەشی بەوە کردوە، ئەم پەیوەندییە لە ڕێگای حەبیب محەمەد کەریم بوە، کە کوڕی پوری ئەلحاج بوە (دایکیان خوشك بوە)، هەروەها داوای ئەوەشیان کردوە بارزانی چەکیشیان پێبدات، بەڵام بەگوێرەی ڕای ئەو، بارزانی ئەم داوایەی ڕەتکردۆتەوە، هۆکاری ڕەتکردنەوەکەشی بۆ ئەوە گێڕاوەتەوە بارزانی لەو بڕوایە بوە عەزیز محەمەد وکۆمەڵەکەشی نوێنەرایەتی حیزبی شیوعی دەکەن (القیسي،2015، 59) مەسعود بارزانی هێما بۆ ئەوە دەکات عەزیز محەمەد جێگای ڕێز بوە لەلای باوکی، زۆرجار لەبەر ڕێزی ئەویش بارزانی باوك چاوپۆشی لەهەڵوێستە نەرێنیەکانی حیزبی شیوعی کردوە، کاتێك ناوبراو سکرتێری بوە، لەدەمی دیداری بارزانی-ئەلحاج لەگوندی دیلمان لەئازاری 1968، کاتێك ئەلحاج داوای یارمەتی لەبارزانی کردوە، ناوبراو ڕەتیکردۆتەوە یارمەتی بدات، ئامۆژگاریشی کردوە بگەڕێتەوە ناو حیزبی شیوعی، ئامادەیشی دەربڕیوە بۆ نێوەندگیری، لەدوای دیدارەکە بارزانی بە مەسعودی کوڕی وەدەوروبەرەکەی گوتوە**"بەردەوام لە یادتان بێت وباشیش بزانن من پاڵپشتی لەم لایەنە دەکەم عەزیز محەمەدی تێدا بێ"(** البارزاني،ج3،2002، 88) یادداشتنوسێکی چەپیش پاڵپشتی ئەم بۆ چونە دەکات وهێما بۆ ئەوە دەکات عەزیز محەمەد شوێنی تایبەتی هەبوە لەلای مستەفا بارزانی، چەند جارێکیش گوێبیستی ئەوەبوە ناوبراو گوتویەتی **" من دو عەزیز ( خۆشەویستم) هەیە یەکیان عەزیز محەمەدە و وئەوی تریان عەزیز شەریف"** ( ابو حكمت، بێ ساڵی چاپ، 79) لەگەڵ ئەوەشد بە گوتەی عەزیز محەمەد، بارزانی هەوڵی نێوەند گیری نێوان هەردو کۆمەڵەی داوە، ئاماژەشی بەوە داوە ئەوان هیچ لاریان نەبوە لەم نێوەندگیریە، لەگەڵ گێڕانەوەی یەکێتی بۆ ڕیزەکانی حیزب، بەڵام هیچ پێشکەوتنێك بۆ دەستپێشخەریەکەی بارزانی وەدینەهاتوە، لەوانەیە هۆکارەکەی ئەوە بوبێت ئەلحاج دەستپێشخەریەکەی ڕەتکردبێتەوە (القیسي،2015، 59). لەکاتی دەستگیرکردنی لە شاری بەغداوە لەلایەن چوار چەکداری سەر کۆمەڵەکەی ئەلحاج، بەهائەدین نوری گومانی بۆ دروست بوە ئەو دەمانچانەی بەدەست پیاوانی ئەلحاجەوە بون لەلایەن سکرتێری پارتی حەبیب محەمەد کەریمەوە پێاندرابێت، یاخود لەسەرچاوەیێکی هاوشێوەی ئەوەو وەریان گرتبێت(نوري، 1995، 277). جەمشید حەیدەری ئاماژە بەوە دەکات لە لاپەڕە 3 کۆنوسی کۆبونەوەی 9 حوزیرانی1967 لێژنەی ناوەندی حیزبدا هاتوە عەزیز ئەلحاج لە ڕێگای حەبیب محەمەد کەریمەوە چەکی پێگەیشتوە، نوێنەرانی ئەم کۆمەڵەیەش لەنێویشاندا ئەلحاج بۆ ڕاکێشانی ئەندامانی حیزب سەردانی کوردستانیان کردوە، بەڵام بەگوێرەی زانیاری نێو کۆنوسەکە**" هیچیان بۆ نەکراوە"** تەنیا فاخیر مێرگەسوریان ڕاکێشاوە بۆلای خۆیان، لەکاتێك بەگوتەی زکی خیری ناوبراو دەمێك بوە لە ڕیزەکانی حیزب دور خراوەتەوە(حەیدەری،2020، 285-286) کادیرێکی دیاری باڵەکەی ئەلحاج لە سلێمانی لە یادداشتەکانی بە بێ خستنە ڕوی هیچ بەلگەیێك دەنوسێت **" هەر ئەوکات ئەوە بە ئێمە وترا کە ئەم کەرتکارییە بە هاندان وپاڵپشتیی حەبیب محەمەد کەریم-ی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بوە"** (حامید،2020، 99) ئەحمەد بانیخێلانی جەخت لەوە دەکاتەوە بەر لە کەرت بونەکە بەماوەیێك هەواڵیان پێگەیشتوە ئەلحاج وحەبیب محەمەد کەریم، بەنهێنی لەگەڵ مستەفا بارزانی دانیشتون، ئەلحاج چەند پارچە چەکێکی لێیی وەرگرتوە گەیاندویەتەوە بەغدا، دواتر ڕاستی ئەم هەواڵەیان بۆ ڕونبۆتەوە، ناوبراو جەختی لەوە کردۆتەوە پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ دو ئامانج یارمەتی باڵەکەی ئەلحاجیان داوە، یەکەمیان تاوەکو ئەوکارانەی لێژنەی ناوەندی بۆ پارتیان نەکردبو کۆمەڵەکەی

ئەلحاج بۆیانی بکەن، دوەمیشیان بە ئومێدی ئەوەی تاقمەکەی ئەلحاج حکومەتی عێراقی بڕوخێنن، یان گوشاری زۆری بخەنە سەر(بانیخێلانی،2014، 265).

لەلای خۆییەوە عەزیز ئەلحاج ئەو پڕوپاگەندانە ڕەتدەکاتەوە مستەفا بارزانی لە دوای جیا بونەوەی ئەوان بوبێت، پێشی وابوە ئەو دەنگۆییانە لەلایەن خەڵکانێکەوە وروژێنراون کە پەیوەندیان لەگەڵ بارزانی هەبوە، وچەکیشیان لێوەرگرتوە، هێمای بۆ ئەوەش کردوە ئەو نزیکایەتیەی لەگەڵ حەبیب هەیبوە قۆزراوەتەوە بۆ وروژاندنی ئەم بابەتە، لەکاتێکدا لە ڕێگای خودی عەزیز محەمەدەوە لە ساڵی1967[٢١] بۆیەکەم جار وەك نوێنەری حیزب دیداری لەگەڵ حەبیب محەمەد کەریمی نوێنەری پارتی هەبوە، لە دوای کەرتکاریەکەش لەگەڵ حوسێن گومەڕ لە ڕێگای حەبیبەوە بۆ سەردان وڕاکێشانی لایەنگرانی کۆمەڵەکەی تر، سەردانی ناوچەی باڵەکایەتیان کردوە، بەهۆی ئۆتۆمبێلەکەی حەبیبەوە ئاسانکاری بۆ سەردان وگەڕانەکانی کراوە، لە بواری ئەمنیش پارێزراو بون، لەم سەردانە بارزانیان نەدیوە، لە گەشتی دوەمیان لەبەهاری1968 بەئامادەبونی دارا تۆفیق، بارزانی بینیوە، دیدارەکە تایبەت بوە بە باسکردنی پرسی پێدانی چەك، ئەلحاج بە پێچەوانەی ڕایەکەی مەسعود، بارزانی جەخت لەوە دەکاتەوە لەدیدارەکە بارزانی هەوڵیداوە نێوەندگیری لەنێوان هەردو کۆمەڵە بکات، بەڵام ئەلحاج هەر زو ڕێگای گفتوگۆی داخستوە، داوای لێبوردنی کردوە، بەبارزانی ڕاگەیاندوە ئەو پرسە پرسێکی ناوخۆیی حیزبە، دوای تێگەیشتنی هەڵوێستی ئەلحاج، بارزانیش بێدەنگی لە پرسەکە کردوە،ناوبراو واشی بۆچوە لە توانای بارزانی نەبوە، لەگەڵ خەڵکانی نزیك لە سۆفیەت(مەبەستی کۆمەڵەکەی عەزیز محەمەد بوە) بکەوێتە ناکۆکیەوە، لەکاتێکدا لەم سەروبەندەدا بارزانی لە ڕێگای دارا تۆفیق وخەڵکی تریشەوە، پەیوەندی باشی لەگەڵ سۆفیەتیەکان هەبوە. دوای چەند مانگێك لەگفتوگۆ وپەیوەندی نێوانیان، ژمارەیێك بۆمبی دەستی و چەند دەمانچەیێکیان پێدراوە، بەڵام یارمەتیەکان بەمەرجی ئەوە پێان دراوە نابێت لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کوردی بەکاریانبهێنن، چونکە ئەوان ڕەتیان کردۆتەوە بەمەرجی پێشوەختە یارمەتیەکان وەربگرن، بۆیەش ئەو یارمەتیانەی وەریان گرتبو شتێکی زۆر نەبوە. لەدیدی ئەلحاج پرسی لێك نزیك بونەوە لەگەڵ بارزانی پەیوەندی بە نزیکی خۆی وحەبیب و کوردبونی خۆشیەوە نەبوە، بەڵکو بەهۆی نزیکی بۆچونە سیاسییەکان، وبونی دوژمنی هاوبەشی هەردولا بوە لەو ڕۆژگار کە **"ئیستعمار وحکومەتی عێراق** بون،" ئەمانە ڕۆڵیان زیاتر بوە لەم نزیك بونەوەیە، بۆیە چاوپۆشیان کردوە لەهەمو ئەو تێبینانەی هەیانبوە دەربارەی پەیوەندی بارزانی بە ئێران، لەگەڵ ئەو ئیستغیلالکردنەی کە کرێکاران لە ناوچەکانی ژێر دەستی بارزانی ڕوبەڕوی دەبونەوە، هەروەها نای شارێتەوە پێویستی زۆریان بەچەك بۆ جێبەجێکردنی پلانە سەربازانیەکانیان لەبەغدا وناوچەی هۆرەکان، گوشاری زیاتری خستبوە سەریان بۆ بەهێزکردنی ئەم هاوپەیمانیتیە، وپشت بەستن بە بزافی کوردی چەکدار، هەروەها هۆکارێکی تری پەیوەندیەکان لەگەڵ بارزانی لەوەدا دەدۆزێتەوە ناوچەکانی ژێر دەستی ناوبراو پەناگەیێکی ئارام وئەمین بون بۆئەوان و دوریش بون لە دەسەڵات وچەوسانەوەی حکومەتی عێراق(الحاج،2013، 99 -102) مەحمود عوسمان لەکاتی سەردانەکانی ئەلحاج بۆ کوردستان، ناوبراوی دیوە، وای بۆچوە ئەم سەردان وپەیوەندیانە لەم ڕۆژگارە زۆر ئاسایی بون،لایەنی بەرامبەریش سەردان وپەیوەندیان لەگەڵ بارزانی هەبوە (دیدەنی لەگەڵ بەڕێز مەحمود عوسمان).

شایەنی باسە ژمارەیێك بەڵگەی فەرمی لە شێوەی نوسراوی نهێنی، ڕێکەوتی دەرچونیان لەنێوان 1 حوزیران تاوەکو10 تەموزی ساڵی1968 دایە، پەردە لەسەر چەند لایەنێکی ئەم پەیوەندیانە هەڵدەماڵن کە لە نێوان کۆمەڵەی ئەلحاج ومستەفا بارزانی هەبون، لەم نوسراونە ئاماژە بەوە دەکەن کۆمەڵەکەی ئەلحاج زانیاریان لەبارەی جموجۆڵەکانی سوپای عێراق داوتە بارزانی، هەروەها لەنوسراوێکی نهێنی تر هاتوە ئەلحاج بە مۆڵەتێکی ساختەی پێشمەرگەرایەتی و جلی کوردیەوە گەیشتۆتە گەلاڵە، بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی بارزانی بۆ هەڵگیرسانی

شۆڕشێکی میللی لە ناوچەکانی باشوری عێراق وکوردستان، لە پێناو کۆتایی هێنان بە حوکمی عەسکەرتاری لە وڵات، لە نوسراوێکی تردا تۆمەتی کەوتنەوەی گرژی نێوان حکومەت وسەرکردایەتی شۆڕشی کوردی خراوتە پاڵ ئەلحاج و هەوڵ جموجۆلەکانی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش (گۆمەتاڵی،29،2022-32).

**3- هەڵوشانەوەی باڵی سەرکردایەنی ناوەند**

لە شوباتی 1969حکومەتی عێراق ئەلحاج لەماڵی خوشکەکەی لە شاری بەغدا دەستگیردەکات، ناوبراو خۆڕاگرنابێت، هەر زو لە ژێر ئازار وئەشکەنجە دان بە هەموشتێکدا دەنێ (دیدەنی لەگەڵ بەڕێز مەحمود عوسمان) لە 3 نیسانی 1969 لە ڕادیۆ وتەلەفزیۆنی بەغدا دەکەوێتە ستایش وپێداهەڵگوتنی پارتی بەعس، بەگوتەی جەمال نەبەز هێرشی توند دەکاتە سەر مستەفا بارزانی و شۆڕشی کوردی، بارزانیش وەك هاوکاری ئیمپریالیزم وێنا دەکات، لەدیدی ئەویش ناوبراو**"خزمەت بەگەلی کورد ناکات"**(نەبەز،2001، 192)، هاوتەریب حکومەتی عێراقیش هەڵمەتێکی گەورە بۆ دەستگیرکردنی سەرکردەکانی کۆمەڵەی ئەلحاج بەرپادەکات (عجینە،2009، 88) پێدەچیێت ئەندامانی کۆمەڵەکەی ئەلحاج درێخیان نەکردبێت لە پێدانی زانیاری لەسەر ئەندامانی سەرکردایەتی ناوەندی، لەم باریەوە عەلی حامید کادیری چالاکی کۆمەڵەکەی ئەلحاج لە سلێمانی، لە یادداشتەکانی باس لەوە دەکات لەماوەی کارکردنی لەگەڵ کۆمەڵەکە، خۆی وئەندمانی تر هەر چالاکێکیان کردبێت کراوتە ڕاپۆرت و خراوەتە بەردەستی دەزگای ئەمنی سلێمانی (حامید،2020، 163) دوای ئازا کردنی ئەلحاج دەستبەرداری کاری سیاسی دەبێت و دەگەڕێتەوە سەر کاری مامۆستایەتی لە وەزارەتی پەروردە، پاشان دەکرێتە نوێنەری وەزارەت لە ڕێکخراوی یونسکۆ لە پاریس (التكريتي،1970، 8)، ڕێکخستەکانیشی لەسەر دەستی حکومەتی عێراق کۆتاییان دێ (الصافي،2010، 158) گروپێکی بچوك لە سلێمانی تا ساڵی1972 ماونەتەوە پاشان خۆیان هەڵوەشاندۆتەوە (مام قادر، 2012، 122).

ئەنجام

1- زانیارییەکان دەربارەی کوردانی فەیلی لە یادداشت و بیرەوەریەکان پەرشوبڵاون، لە زۆر باردا زانیاری سادەن و ناچنە قوڵایی بابەتەکانەوە. ڕەنگبێ هۆکاری بنچینەیی ئەوە بوبێ بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لە نێوان کوردانی فەیلی و یادداشتنوسان کەمبوبێت، لە سەرێکیتریش یادداشتنوس زیاتر گرنگی بە تۆماری وێستگە گرنگەکانی ژیانی خۆی دەدات.

2- زانیاری دەربارەی چالاکی سیاسی کوردانی فەیلی لە یادداشت و بیرەوەرییەکان زیاتر لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1961 بەرچاوەدەکەون، هۆکاری بەشێك لەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بەشێك لە چالاکییە سیاسییەکانی کوردانی باشور لە بەغدای پایتەخت بوە، یاخود هەندێك لە یادداشتنوسان لە دامودەزگاکانی حکومەت لە شارەکە فەرمانبەربون.

4- توێژی ڕۆشنبیری کوردی بەغدا لە یاداشت و بیرەوەرییەکانیان هیچ زانیارێك لەسەر کوردانی فەیلی ناخەنەڕو، تەنانەت زۆرینەی زۆریان بەلای ئەم پرسەدا هەر نەڕۆیشتون، نمونەی مەسعود محەمەد، فواد عارف، مستەفا نەریمان، عەبدوڵلا عەباس، عەلی کمال بەگ، موکەڕەم تاڵەبانی، عبداللە ڕسول پژدەری ئەحمەد موختار بابان، لەوانەیە هۆکاری یەکەم لەوەدا ئەوەبێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بەشی زۆریان لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی پارتی بەعس یادداشتەکانیان تۆمارکردوە، بۆیەش ئاسانەبوە، لەبەر هەستیاری بابەتەکە باس لەچالاکییە سیاسییەکان و ناسۆرییەکانی کوردانی فەیلی بکەن، بەڵام ناکرێت چاوپۆشی لەوە بکرێت ئەوان تەنانەت تیشك ناخەنە سەر

ژیانی سیاسی و ئابوریشیان بەر لە هاتنی پارتی بەعسیش بۆ دەسەڵات، لەکاتێکدا لەلایەنەکانی سیاسی ڕۆشنبیری و ئابوریش ڕۆڵیان هەبوە، بۆ نمونە لە توانای هەریەك لە فواد عارف و ئەحمەد موختار بابان عەلی کەمال بەگ و مەسعود محەمەد، هەبوە بەلایەنی کەم تیشکێك بخەنە سەر چالاکییەکانی کوردانی فەیلی، چونکە پانتایی گەورەی ڕوداوی یادداشتەکانی ئەم کەسایەتیانە لە سنوری عێراقی ڕۆژگاری پادشایەتیە.

5- کوردانی فەیلیش بە هۆکاری جۆراوجۆر جگە لەچەند کەسانێکیان نەبن بیرەوەری و یادداشتەکانی خۆیان نەنوسیوتەوە.

6- ئەو زانیارانەی کە لە یاداشتەکان و بیرەوەریەکان بەرچاودەکەون زیاتر دەربارەی جموجۆڵ و چالاکی سیاسی کۆمەڵێك کەسایەتی و ڕەمزە دیارەکانی کوردە فەیلییەکان بون لەوانەش بەپێی ڕێزبەندی باسکردنیان لە یادداشت و بیرەوەری کوردانی باشور لەماوەی توێژینەوەکە هەریەك لە عەزیز ئەلحاج، حەبیب محەمەد کەریم، زەکیە ئیسماعیل حەقی دێن .

7- لە نێو ئاڕاستە سیاسییە باشوری کوردستان یادداشتنوسانی چەپ لە هەموان زیاتر تیشکی زانیارییەکان لە سەر جموجۆڵی سیاسی فەیلییەکان بوە لەشەستەکان بە دیاریکراویش لەسەر لێکترازانەکەی نێو حیزبی شیوعی عێراقی لە ئەیلولی 1967 کرد کە یەکێك لە سیمبولە دیارەکانی کوردی فەیلی عەزیز ئەلحاج ڕێبەرایەتی کرد، دواتر سروشتی پەیوەندییەکانی کۆمەڵەکەی ئەلحاج لە ڕێگەی حەبیب محەمەد کەریم بە مستەفا بارزانی، بابەتێکی گەرمی نێو دوتوێی یادداشت وبیرەوەری چەپەکان بوە بەدوای ئەویش بابەتی دەستنیشانکردنی حەبیب محەمەد کەریم وەك سکرتێری پارتی لە یەکی تەموزی 1964 هەندێك لە یادداشتنوسە نەتەوەییەکانی ناچار بە هەڵوێستە لەسەرکردن کردۆتەوە، ئەمەو سەرباری چالاکییە سیاسییەکانی ناوبراو لەماوەی مانەوەی وەك سکرتێر 1964-1975.

## سەرچاوەکان:


دەقی چاوپێکەوتنی بڵاونەکراوەی بەڕێز فواد ڕەوەند لەگەڵ زەکیە ئیسماعیل حەقی لە11 نیسانی 2014، - دۆسیەی تایبەت لە ئارشیفی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان).

نامەی تایبەتی جەلال تاڵەبانی بۆ پارێزگاری سلێمانی، ئەرشیف و دەستنوسخانەی ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنوس و بەڵگەنامەکان.

ئەرشیفی کەسی بەڕێز عباس بەدری

ئەرشیفی کەسی بەڕێز سامی باقر موسی

گۆمەتاڵی، بورهان حاتەم(2022)، مستەفا بارزانی لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی عێراقدا،1947-1970، هەولێر،چاپخانەی دانیشفەر.

مەزهەر،کەمال،(2014) کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی-بەریتانیادا، ب2، ئامادەکردنی شەهلا تاهیر حەیدەری، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

القيسي، سيف عدنان(2022) الحيزب الشيوعي العراقي ةالقضية الكردية، دراسة في ارشيف الوثائق السرية والعلنية للحيزب(1935-1975) ط1بغداد،دار السطور للنشر والتوزيع.

ئەلقازی، ویداد خالیس،(2012)، چەند وێستکەیەکی تەمەنم، چ1، هەولێر، چاپخانەی شهاب.

بانیخێلانی، ئەحمەد،(2014)،یادەوەرییەکانم، چ2، بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی کارۆ.

بامەڕنی، ئەحمەد،(2022) لە بەهاری کورد منی پێشمەرگە گیانم دەبەخشم، وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە، نازەنین عوسمان چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

حامید، عەلی(2020)، بولێڵە، یادداشت، چ1، بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی تاران.

حەیدەری، جەمشید (2020) لاپەڕەی بیرەوەرییەکانم 1949-1991، ب1، چ1، هەولێر، چاپخانەی ماد.

حەفید زادە، درەخشان شێخ جەلال(2010)کورتەیەك لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ئافرەتانی کوردستان وهەندێ لە بیرەوەرییەکانم، چ1، بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی شفان.
دزەیی، هۆمەر(2021)، لە دو گردکانەوە بۆ بنی دونیا، چ1، ب2، بێ شوێنی چاپ، دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
دەباغ، جەلال(2022) چەند چەمکێك لە بیرەوەرییەکانم، ب1، چ 1 (بێ شوێنی چاپ)، چاپخانەی کارۆ.
دەرگەڵەیی، سلێمان بەگ، بیرەوەرییەکانم لە ساڵانی 1943-1977دا، بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی ڕەهەند.
دڵزار، ئەحمەد (1994) بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم، ب3، ستۆکهۆڵم.
ڕەشید، سەڵاح(2019) مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ب1، ب2، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان.
سەعید، محەمەد باقی، (2009) چەند بیرەوەرییەك لەبارەی گرتوخانەی( ئینزیباتی سلێمانی) لە سەردەمی زەعیم صدیق دا، چ2. سلێمانی.
شەریف، عبدالستار تاهر (2005)، ململانێ لەگەڵ ژیاندا ( یادداشت) 1935-1971، ب1، کەرکوك، چاپخانەی ئارابخا.
شێرە، خورشید( 2015) خەبات و خوێن بیرەوەرییەکانی خەباتی پێشمەرگایەتی، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
عارف، حەسەین(2018) تەمەنێك لە بندەستی ڕوداو کارەساتەکانەوە (بیرەوەری) ب1، چ1، سلێمانی، چاپخانەی شفان.
عەبدوڵلا، نائیب،(1996)، بیرەوەری 21 ساڵی تێکۆشان، ب1، چ1، سوێد، پەخشنامەی نەورۆز.
عەزیز، حوسێن محەمەد(2002) خولانەوە لە بازنەبەکی بۆشدا، دەق چاوپێکەوتن و دەمەتەقێیەك لەگەڵ (جەرجیس فەتحوڵلا)ی پارێزەردا، سلێمانی، چاپخانەی سیما.
عەزیز، حوسێن محەمەد(2002) پێنج کاتژمێر لەگەڵ( برایم ئەحمە)دا، سلێمانی، چاپخانەی سیما.
عەلەمدار، جەمال(2021) یەکەمین هەولێری لە سوید بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە، هەڤپەیڤین و نوسینەوە، شێرزاد هەینی، چ1، ستۆکهۆلم.
عوسمان، نەرمین (2022) لەبەر تریفەی مانگ خەونەکانی نیشتیمانمان دەچنی، چ2، سلێمانی چاپخانەی کارۆ.
فەتاح، فەتاح تۆفیق (2008) حەفتاو شەش ساڵ ژیان پەنجاو نۆ ساڵ تیکۆشان، بیرەوەریەکانی خەباتی مەلا حەسەن، هەولێر،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.
کاکە، سید(1997) بیرەوەری پێشمەرگەیەك چ1، بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی ڕۆشەنبیری.
مەلا قادر، محەمەد (2009) سەربردە، کورتەیەك لە بیرەوەرییەکان، چ1، هەولێر،چاپخانەی ئاراس،2009.
مەلا مستەفا، فاروق (2017) بیرەوەرییەکانم،ب1،چ1، لوبنان،بڵاوکراوەکانی دەزگای دواڕۆژ بۆ ڕوناکبیری وڕاگەیاندن.
محەمەد ئەمین ستار(2021)، بۆ ئەوەی ڕاستیەکان ون نەبن لە زاری کەمال محیەدین، چ1، بێ شوێنی چاپ.
احمد، كريم(2006) المسيرة صفحات من نضال كريم احمد، مطبعة شهاب، اربيل.
ابو حكمت، يوسف حنا يوسف(بێ شوێنی چاپ) مذكرات يوسف حنا يوسف، مطبعة التعليم العالي، اربيل. البصير، كامل حسن، (1961)، مذكرات طالب من كوردستان، بغداد، مطبعة النجوم.
توماس، أوراق توما توماس(2017) مطبعة أزادي، بێ شوێنی چاپ.
الحاج، عزيز (2002) شهادة للتاريخ اوراق في السيرة الذاتية، لندن، مؤسسة الرفد.
الحاج، عزيز(2013) حدث بين النهرين، تجربتي في القيادة المركزية، ط1، بغداد، دار ميزوبوتاميا.
دزەیی، محسن(2002) أحداث عاصرتها،ج2، 1961-1975،ط1، اربيل، مطبعة وزارة التربية.
رحيم عجينة،(2009) الاختيار المتجدد ذكريات شخصية وصفحات من مسيرة الحيزب الشيوعي العراقي، بغداد، مطبعة اوفسيت اليقظة.
شاويس،نوري(1985) من مذكراتي،ط1، بێ شوێنی چاپ.
الصافي، عبدالرزاق(2010) شهادة على زمن عاصف وجوانب من سيرة ذاتية،ج2، بغداد، دار المدى للثقافة والنشر.الطالباني، مكرم(2023) الحياة لا تجري دوما حفيفة ناعمة، اعداد وتقديم، سيف عدنان القيسي، ط1، بغداد، السطور للنشر والتوزيع.

عقراوي، شكيب(2007) سنوات المحنة في كردستان اهم الحوادث السياسية والعسكرية في كردستان والعراق من1958-1980،ط1، اربيل، مطبعة مناره.

القيسي، سيف عدنان ارحيم(2015) قراءات في ذاكرة عزيز محمد السكرتير السابق للحيزب الشيوعي العراقي مسيرة ونضال، ط1، بغداد، مكتبة الوان.

مام قادر، عبدالمجيد عبدارزاق(2012) مذكرات، مراجعة د. نوزاد خوشناو، اربيل، مطبعة ازادي.

المسيرة(2006) صفحات من نضال كريم احمد، ط1، مطبعة شهاب، اربيل.

نوري، بهاالدين، (1995)، مذكرات، ط2، كردستان، مطبعة جامعة صلاح الدين.

صالح، سۆزان كريم(2014) ڕەوشی سیاسی كورده فەیلییەكان له عێراقدا،1958-1980، نامەی ماستەر( بڵاونەكراوه،) سكۆلی زانسته مرۆفایەتییەكانی زانكۆی سلێمانی.

پژمان، عیسی(1997)، نهێنییەكانی بەستنی پەیمانی 1975ی ئەلجەزایر لەئارشیفی تەواو نهێنی ساواك) وەرگێڕانی، ناسر ئیراهمیی، سوید، بنكەی چاپەمەنی ڕۆژ.

جندیانی، هەڵگورد عەبدواوهاب (2022) عەبدولوهاب ڕەواندزی (وەهاباغا) وێنه،دۆكیومێنت، یادەوەری، چ1، هەولێر، چاپخانەی ڕۆكسانا.

حەمەدەمین، ئەحمەد (2016) وەهاب ئاغای ڕواندزی توێژنەوەیەكی مێژوییه له ژیان و ڕۆڵی سیاسی ونیشتیمانی، هەولێر، چاپخانەی هێڤی.

شەریف، حیلمی عەلی، بەراوردیك له نیوان 1966 و 1996، بێ ساڵ و بێ شوێنی چاپ.

عارف، روشدی عارف(2012) كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد له ئەوروپا 1956-1975،سلێمانی.

مەلا قادر، محەمەد (2014)، سەربوردەی نەمران چ1، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

نەبەز، جەمال(2001) كوردستان وشۆڕشەكەی، وەرگێڕانی له ئەڵمانیەوە، كوردۆ عەلی، چ2، هەولێر.

نوسینەكانی مام جەلال له گۆڤاری خاك دا،(2012) بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی خاك.

أدامسن، ديفيد(2012) الحرب الكردية وانشقاق 1964، - ترجمة وتقديم، جرجيس فتح الله، اربيل دار اراس بيروت منشورات الجمل.

اسكندر، سعد بشير (2004)، الكرد الفيليون وحيزب البحث 1963-2003، بێ شوێنی چاپ.

البدري، عباس،(2017) بغداديات، ط2، السليمانية، مطبعة كوردستان.

البارزاني، مسعود(2002)، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج3، ثورة ايلول 1966-1975، اربيل.

البراك،فاضل،(1984)، المدارس اليهودية والأيرانية في العراق دراسة مقارنة، بغداد، مطبعة دار الرشيد.

التكريتي،عماد (1970) الشيوعيون 20 شخصية معاصرة، السلسلة الاشتراكية بيروت.

جون، محمد تقي،(2019) قصة الفيليين العراقيين، ط4، بغداد.

الحاج، عزيز(1999) بغداد ذلك الزمان، ط1، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

الدليمي، محمد عويد( 1997) كامل الجادرجي ودوره في السياسة العراقية 1897- 1968، مطبعة الاديب البغدادية، بغداد.

شريف، عبدالستار طاهر(1978) تاريخ الحيزب الثوري الكردستاني، بێ شوێنی چاپ.

الكردي، محمد علي الصويركي،(2008) الموسوعة الكبرى لمشاهير الكرد عبر التاريخ، الدار العربية للموسوعات، بيروت.

الطريحي، محمد سعيد،2013، الشيعة الاكراد الكوردية فيلية، دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع،دمشق.

العلوي، زكي جعفر الفيلي،(2009)،تاريخ الكرد الفيليون وافاق المستقبل دراسة في الجذور التاريخية والجغرافية ومراحل النضال،ط1، بێ شوێنی چاپ.

عمر، محمد عبدالله،، (2004)، مباحث كوردية فيلية،، هەولێر، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین.

غلام، اسراء نوري(2021) الكرد الفيليون في العراق جدلية المواطنة وتراجيديا التهجير،ط1، دمشق.تموز ديموزي.

فتح الله،جرجيس(2001)، رجال وقائع في الميزان، حوار اجراه، مؤيد طيب، سعيد يحي،ط1، اربيل، مطبعة التربية.

الفيلي، احمد ناصر (2012) الفيليون الأصالة التاريخية والمواطنة المهدورة،ط1، اربيل، مطبعة اراس.


فيلي، عبدالزهرة،(2003) مؤتمر الذكرى المئوية لميلاد البارزاني الخالد، ج2، هولير.

فيلي، عبدالجليل، (1999)، اللور( الكورد) الفيليون في الماضي- والحاضر، بێ شوێنی چاپ، مطبعة وزارة التربية.

القيسي، سيف عدنان أرحيم (2012)، الحيزب الشيوعي العراقي من إعدام فهد حتى ثورة 14 تموز1958،ط1، دار الحصاد، سورية.
القيسي، سيف عدنان أرحيم (2014)، الحيزب الشيوعي العراقي في عهد البكر 1968- 1979،ط1، دار الحكمة، لندن.
كريم، حبيب محمد (1998)، تاريخ الحيزب الديمقراطي الكوردستاني العراق في محطات رئيسية 1946-1993،ط1، دهوك، مطبعة خبات.
محمد،خليل اسماعيل، (2013)، منطقة التحضر الحدودية بين العراق وايران، ط2،السليمانية، مطبعة كمال.
ناصر واخرون،(2014) الفيليون الانتماء والمحنة جريمة تهجير الكورد الفيليين، ط1، بێ شوێنی چاپ، دار النهرين للطباعة.
وردى، محمد توفيق (بێ ساڵی چاپ) الاكراد الفيليون فى التاريخ، بغداد، مطبعة اللواء. چوارەم:
دیدەنی لەگەڵ بەڕێز حەسەن مەحمود عەلی ناسراو بە ئەبو فەلاح هەولێر، 18 کانونی دوەم 2023.
دیدەنی لەگەڵ بەڕێز حەسەن حوسێن زائیر ناسراو بە دکتۆر حەسەن کاکی، هەولێر، 18 کانونی دوەم2023.
دیدەنی لەگەڵ بەڕێز خەسرۆ جاف، هەولێر 5 شوبات 2023.
دیدەنی لەگەڵ بەڕێز زەید مەحمود عەلی، هەولێر 11 شوبات 2023.
دیدەنی لەگەڵ بەڕێز سامی باقر موسی ناسراو بە سامی فەیلی، هەولێر11 شوبات2023.
دیدەنی لەگەڵ بەڕێز عبدولەتیف عەبدوالمجید محەمەد بەگ گلی، هەولێر، 5 شوبات 2023.
دیدەنی لەگەڵ بەڕێز عبدولجەلیل ڕەزا عەلی فەرەج ناسراو بە جەلیل فەیلی، هەولێر، 2 شوبات 2023.
دیدەنی لەگەڵ بەڕێز عەلی ئەحمەد محەمەد ناسراو بە عەلی فەیلی هەولێر،22 کانونی دوەم 2023.
دیدەنی لەگەڵ بەڕێز فەیلی عەبدولوەهاب محەمەد عەلی ئاغای ڕەواندزی، هەولێر23 شوبات 2023.
دیدەنی لەگەڵ بەڕێز گیان کامیل بەسیر، هەولێر 22 کانونی دوەمی 2023.
دیدەنی لەگەڵ بەڕێز مەحمود عوسمان، هەولێر 6 شوبات 2023.
دیدەنی لەگەڵ بەڕێز نەجم عبد مراد ناسراو بە ئەبو شیرین، هەولێر 25 تشرینی دوەم 2023.
الفيلي، رياض جاسم (تموز 2008) ثورة14 تموز والزعيم والكورد الفيليين، مجله فيلى، العدد 26.
كريم، فريدون ( تشرين الاول 2007) مع يدالله كريم ورحلة نصف قرن، مجله، فەيلی العدد 18.
مەهدی، هەردی(1 تەموزی 2008) سکرتێرە دۆڕاوەکانی پارتی لە هەمزە عەبوڵڵاوە تا فازڵ میرانی گۆڤاری لفین ژ (70) ساڵی شەشەم.
عەدۆ، ئەسعەد، 21 تشرینی دوەم 2032، سیامەند بەننا، باس لە مێژوی پارتایەتی خانەوادەکەی دەکات ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە(3963).
حقى، زكية اسماعيل(8 ايلول 2000) في اربعينية الراحل الدكتور جعفر محمد كريم الطبيب المثقف الذي ربى جيلا من الكرد الفيليين على كردايتي، جريدة الاتحاد، عدد386.
شارەزا، كريم (8 كانون الاول 2000) مع اعلام الكورد المناضل القومي الدكتور جعفر محمد كريم (1910-2000) جريدة التاخي العدد 1005. الكورد الفيليون ولعنة شهادة الجنسية (14 اذار 1994) العدد (صفر) نشرة (حمرين)، يصدرها المركز الثقافي لجمعية الكورد الفيليين في كوردستان.

## پاشکۆکان:


پاشکۆی ژمارە -١-


السليمانية


سيادة الزعيم الاخ الحاج عبدالرزاق المحترم
تحية واحتراماً
ارجو لكم الصحة والموفقية في عمل الخير

لدي رجاء حار وخاص آمل من سيادتكم تلبيته:
منذ امد طويل اوقف المدرس كامل البصير، وهو رجل
بصير ويعيل عائلة بتهمة مساندة الثورة الكردية
والانتماء الى البارتي، فارجوكم مساعدته والعمل
على اطلاق سراحه بالسرعة الممكنة خاصة
وهو مدرس بصير.
وتفضلوا بقبول احتراماتي
ودمتم

المخلص
جلال الطالباني


-٣٨١-

-٣٨٠-


بدون تعليق

البارزاني وحزبه كما يصفهما سكرتيره

-٣٧٩-

**پاشکۆی ژمارە (٢)**

## پەراوێزەکان:

(1) بۆزانیاری لە سەر ژیان و چالاکی سیاسی بگەڕێوە بۆ (شارەزا،8 كانون الاول 2000، جريدة التاخي، العدد 1005؛ حقى، 8 ايلول 2000، العدد386).

(2) لە ساڵی 1946 لە بەغدا لەدایکبوە، تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندوە، لە 1981 لەهەولێر دەژی.

(3) لە 1944 لە کەلار لەدایکبوە، لە ماوەی 1965-1979 لە ئێران ژیاوە، بەشی تەلارسازی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تارانی تەواوکردوە، ماوەی 1980-2003 ئاکنجی بەغدا بوە، ئێستا لە هەولێر دەژی..

(4) لە 1931 لە شارۆچکەی زەرباتیە لەدایکبوە، بەهۆی چونی خانەوادەکەی بۆ بەغدا هەمو قۆناغەکانی خوێندنی لەو شارە تەواوکردوە، دەرچوی کۆلێژی یاسایە ساڵی 1958، لە 1952پە یوەندی بەپارتیەوە کردوە لە 1964 بۆتە سکرتیری حیزبەکە، لە دوای نسکۆی 1975 گەڕاوەتەوە بەغدا، لەساڵی 2013 کۆچی دواییکردوە، لە شاری نەجەف ئەسپەردەی خاککراوە (مەلا قادر 2014، 103 -108)

(5) لەساڵی 1935 لەشاری بەغدا لەدایکبوە، باوکی دایکی مامۆستای ئاینی بوە قورئانی لەلای ئەو خوێندوە، وەك خۆی نوسویەتی لە تەمەنی دە ساڵی خوێندنی سەرەتایی تەواوکردوە (بەم پێیەش بیت دەبێت لە چوار ساڵی خرابێتە بەر خوێندن) لەساڵی 1970وەك سکرتێری یەکێتی ئافرەتان

هەڵبژێردراوە. دەرچوی کۆلێژی یاسای زانکۆی بەغدایە لە ساڵی خوێندنی 1972-1973 ماستەری لەبواری مەزهەبەکان وەرگرتوە، دوای ڕاپەڕینی1991 لە ئەمریکا ژیاوە ساڵی 2021 کۆچی دوایی کردوە. (دەقی چاوپێکەوتنی بڵاونەکراوەی بەڕێز فواد ڕەوەند...).

(6) لەدایکبوی بەغدایە ساڵی1942، هەر لە تەمەنی لاویەوە تێکەڵ بەکاری سیاسی بوە، بەم هۆیەوە چەند جارێك دەستگیرکراوە، لەساڵی خوێندنی 1983-1984 کۆلێژی بازرگانی وئابوری لەبیروت تەواوکردوە، ئێستا لە هەولێر دەژی.

(7) ساڵی 1954 لەدایکبوە، دکتۆرای لە بواری ڕۆژنامەگەری لەساڵی2013وەرگرتوە ئێستا لە هەولێر دادەنیشێ.

(8) لە 1948 لە بەغدا لەدایکبوە، دەرچوی قۆناغی ئامادەییە، لە ساڵی 1962 بۆتە ئەندامی پارتی، لە 1980 دورخراوەتەوە بۆ ئێران لە 1993 گەڕاوەتەوە کوردستان ئێستا لەهەولێر دەژی.

(9) لە 1961خانەقین لەدایکبوە، بڕوانامەی ماستەری لە کۆمەڵناسی ساڵی 1983 لە سوید بەدەستهێناوە، لەڕاپەڕینەکەی ئازاری 1991 گەڕاوەتەوە کوردستان.

(10) بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ژیان و ڕۆڵی سیاسی و پێگەی کۆمەڵایەتی بگەڕێوە بۆ(جندیانی،2022، 13-74؛ حەمەدئەمین، 2016، 13-68).

(11) لە ساڵی 1961 لە گوندی بێشۆوك نزیك ڕەواندز لەدایکبوە، لە تەمەنی لاویەوە پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنیەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردوە، لەقۆناغی دوەمی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی1980-1981، بەهۆی دەرچونی فەرمانی دەستگیرکردن واز لە خوێندن دەهێنێت، دەچێتە شاخ، دوای جیابونەوەی ڕێکخراوی ئاڵای شۆڕش لە 1985 لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوەکە درێژەی بەکاری سیاسی داوە، لە دوای پرۆسەی ئەنفال دەچێتە ئێران لە 1991 گەڕاوەتەوە کوردستان و دەستبەرداری کاری سیاسی بوە. ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە.

(12) لە ساڵی 1948 لە بەغدا لەدایکبوە، دەرچوی شەشەمی ئامادەییە، تێکەڵاوی زۆری لەگەڵ کوردانی فەیلی هەبوە، لەلای زۆرێك لە خەڵکیش وەك کوردی فەیلی ناسراوە، لە ساڵی 1964 لە هەولێر دەژی.

(13) ساڵی 1954 لە بەغدا لەدایکبوە، دەرچوی ئامادەییە، لە ساڵی 1974 پەیوەندی بە شۆڕشی کوردی کردوە، لە ساڵی 1981 لە ئێران نیشتەجێبوە، لەکۆتاییەکانی 1992 گەڕاوەتەوە کوردستان، ئێستا لە شارۆچکەی پیرمام نیشتەجێیە.

(14) بۆ زانیاری لە سەر مێژوی دروستبون و کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بگەڕێوە: (عارف،2012، 30- 196).

(15) لەساڵی1933 لەخانەوادێکی هەژاری کوردی فەیلی لە بەغدا لەدایکبوە، لە 1966 بڕوانامەی ماستەری لە زمانی عەرەبی لە زانکۆی بەغدا وەرگرتوە، لە 1975 بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی قاهیرە بەدەستهێناوە، وەك مامۆستا لە زانکۆکانی سلێمانی و موستەنسریە دەستبەکاربوە، ساڵی1987 کۆچی دوایی کردوە (سمایل، 2023، 97-104).

(١٦) بۆ بینینی دەقی نامەی تایبەتی جەلال تاڵەبانی بۆ پارێزگاری سلێمانی، کە لە ئەکادیمیای کوردی بەشی دەستنوس و بەڵگەنامەکان پارێزراوە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (1).

(١٧) لە ساڵی 1942 لە بناری گل لە نێوان قادر کەرم ودوزخورماتو لەدایکبوە لە 1959 پەیوەندی بەڕیزەکانی پارتی کردوە لە 1972-1996 بەڕێوبەری کارگێڕی بوە لە کۆڕی زانیاری کورد (دواتر عیراق) لە 1997 خانەنشین بوە ئیستا لە هەولێر دەژی.

(١٨) لەساڵی 1968 لەبەغدا لەدایکبوە لە ساڵی 1994، ماستەری لە دەروناسی وەرگرتوە لە 2001 دکتۆرای لە هەمان پسپۆری وەرگرتوە، ئێستا لە هەولێر ئاکنجیە.

(١٩) بۆ بینینی دەقی نامەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە(2)، (وەرگیراوە لە: شریف، ١٩٧٨، ٣٧٩ -٣٨١).

(٢٠) ساڵی1938 لە پێنجوین لەدایكبوە دەرچوی كۆلێژی پزیشكی زانكۆی بەغدایە، لەتەمەنی لاویەوە پەیوەندی بە ڕیزەكانی پارتی كردوە، یەكێك بوە لە دامەزرێنەرانی حیزبی سۆشیالیست لەساڵی 1979، ئێستا لە هەولێر دەژی.

(٢١) پێدەچێت عزیز ئەلحاج كەوتبێتە هەڵەوە، یاخود شیمانەی ئەوە بكەین كە هەڵەی چاپ بێت كاتێك لە كتێبی (حدث بين النهرين...) دەنوسێت ساڵی 1959 یەكەم دیداری لەگەڵ حەبیب هەبوە، بەبەڵگەی ئەوەی خۆی لە یادداشتەكانی (شهادة للتاريخ...) دیدارەكەی بە ساڵی1967 هێما بۆ كردوە (الحاج،2002، 227) جیا لەوەش نابێت ساڵی 1959 ڕاستبێت، چونكە حەبیب ئەوكات كادیرێكی ئاسایی پارتی بوە، ناگونجێ نوێنەرایەتی مستەفا بارزانی كردبێت، ئەو زیاتر لە دوای بونی بە سكرتێری پارتی لە1964 دەركەوتوە، جیا لەوەش ئەلحاج دەنوسێ دیداری یەكەمی لەگەڵ حەبیب بەر لەسەردانی عەزیز محەمەد ئەمینداری گشتی حیزبی شیوعی بوە بۆ مۆسكۆ، لەڕاستیدا سەردانەكە لە 1967 بوە نەك 1959، هەروەك بەهادین نوری ئاماژەی بۆ كردوە كە لەدەمی كۆبونەوەی بەپەلەی لێژنەی ناوەندەی حیزب لە3 تشرینی یەكەمی1967 ئەمینداری گشتی لە دەرەوە بوە (نوري، 1995، 281).